Available online at http://aran.garmian.edu.krd

ARAN JOURNAL For Languages and Humanities

**Aran Journal for Languages and Humanities**

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-02-39

# هەڵسەنگاندنی دابەشبوونی قەبارەیی سیستەمی شارنشینی پارێزگای سلێمانی

**( توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوە لە تێزی دکتۆرا)**

**ئامانج فواد اجمد[1]، بيان علی حسين[2]**

1- خوێندکاری دکتۆرا، بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زمان و زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی،-هەرێمی کوردستان – عێراق

2- بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زمان و زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی،-هەرێمی کوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **May, 2025** |
| Accepted | **October, 2025** |
| Published: | **December, 2025** |

**Keywords**

**پارێزگای سلێمانی، دابەشبوونی قەبارەیی، یاسای ریزبەندی قەبارەی زیف، یاسای شاری سەرەکی، شار**

**Corresponding Author**

Amanj.fuad@garmian.edu.krd
bayan.hussain@univsul.edu.iq

**پوختە**

توێژینەوەکە؛ هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی دابەشبوونی قەبارەیی سیستەمی شارنشینی پارێزگای سلێمانیو چەندێتی کاریگەرییان لە دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی سیستەمی شارنشینی ناوچەی توێژینەوەدا، تیایدا کۆمەڵێک ئامرازی چەندێتی بۆ شیکردنەوەی دابەشبوونی قەبارەیی سیستەمەکە بەکارهێنراوە ، بەو ئامانجەی کەتوار (واقع)ی دابەشبوونەکە لە ڕووی هەریەک لە (دابەشبوونی دەستە قەبارەییەکان، دابەشبوونی قەبارەیی شارەکان)ەوە دەربخات، سەرباری خستنەڕووی پلەی هەژموونی شارنشینی بەبەکارهێنانی چەندین رێگەی ئاماری تایبەت بەم بوارە لە جوگرافیای شاردا، پاشانیش خستنەڕووی کاریگەرییان لەسەر رەهەندەکانی سیستەمی شارنشینی ناوچەی توێژینەوەدا. لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتووە ئەوەیە، کە دابەشبوونی قەبارەی شارەکانی سیستەمی شارنشینی ناوچەی توێژینەوە شێوەیەکی پلەبەندی وەرنەگرتووە بەڵکو پلەیکی تووندی هەژموونی شاری سلێمانی بەسەر تەواوی شارەکانی دیکەی ناوچەی توێژینەوە هەبووە بە درێژای ماوەی توێژینەوەکە.

## پێشەکی:

سیستەمی شارنشینی سیستەمێکی ئاڵۆزە، گرنگیی دەدات بە توێژینەوەی شارەکان لەسەر ئاستی دابەشبوونی (شوێنی، قەبارەیی، پیشەی)یانەوە، کە دابەشبوونی قەبارەیی رەگەزێکی گرنگیی سیستەمی شارنشینین، بۆیە توێژینەوەو هەڵسەنگاندنیان گۆشەیەکی گرنگ لە توێژینەوەکانی تایبەت بەسیستەمی شارنشینی پێکدەهێنێت، چونکە شارەکان بۆ دانیشتوانو ئەنجامدانی چالاکییەکانیان، بۆیە هەر کەم و کورییەك لەنێو پێکهاتەی ئەو سیستەمەدا هەبێت ئەوا بەشێوەیەکی نەرێنی رەنگدانەوەی بەسەریدا دەبێت، هەر لەبەر ئەوە ئامانجی سەرەکی لە شیکردنەوەی سیستەمەکان بریتیە لە دۆزینەوەی کەم و کوریەکانی نێو سیستەمەکە بەمەبەستی چاك کردنەوەی، ئەمەش دوای شیکردنەوەی توخمە سەرەکیەکانیو توێژینەوەی هێزو ئاراستەی پەیوەندییە گشتیو ووردەکانی نێوان گۆڕاوەکانو رەگەزەکانی سیستەمەکە دەکرێت. لەدەستدانی هاوسەنگی لەنێو سیستەمی شارنشینیدا بە دیارترین ئەو بەربەستانە دادەنرێت کە پێکهاتەو جوڵەی سیستەم لەکاردەخاتو لە رێگا راستەقینەکەی خۆی لایدەدات، لەبەر ئەوە پاراستنی هاوسەنگی لە دابەشبوونیان لەنێو شارەکاندا لە سەر ئاستی هەرێمی بە لایەنێکی کرداری گرنگ دادەنرێت بۆ پاراستنی بەردەوامبوونی کاری سیستەمەکە بەشێوەیەکی دروست.

هەموو ئەمانە یارمەتیمان دەدەن لە خستنەڕووی کێشەی توێژینەوەکە، ئایا دابەشبوونی قەبارەیی سیستەمی شارنشینی ناوچەی توێژینەوە بەشێوەیەکی پلەبەندی بوو یاخو شوەیەکی هەرەکیان وەرگرتووە؟ دەکرێت وردتر کێشەی توێژینەوە لەچەند کێشەیەکی لاوەکیشدا دابڕێژینەوە:

1. ئایا وێنەی دابەشبوونی قەبارەیی شارەکانی سیستەمی شارنشینی ناوچەی توێژینەوە لە نێوان ساڵانی (1977-2023) چۆنە؟
2. ئایا سروشتی پەیوەندی نێوان قەبارەی شارەکانو پلەبەندییانو دووریان چۆنە؟
3. ئایا گرنگترین ئەو هۆکارانە چین کە بوونەتە هۆی گەشەی هەندێك شارو گەشەنەکردنی هەندێکی دیکەیان؟

گریمانەکان بریتین لە وەڵامدانەوەکی پێشوەختەو کاتی بۆ کێشەکانی توێژینەوە ،توێژینەوەکە گریمانەی ئەوە دەکات کە شارەکان بەشێوەیەکی پلەبەندی دابەشنەبوون وەڵامێکی زانستی تێروتەسەلیش بۆ پرسیارە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە ئەو گریمانە لاوەکیانەی لای خوارەوە دەخوازێت:

1. بەدرێژای ماوەی توێژینەوەکە هەژموونی شارنشینی یەکێك بووە لە رووخسارە سەرەکییەکانی سیستەمەکە .
2. شارە گەورەکان کاریگەری گەورەیان هەبووە لەسەر بچووکردنەوەی قەبارەی شارەکانی نزیکی خۆیان.
3. هۆکارەی سیاسیو کارگێڕیو پیشەییەکان گەورەترین کاریگەرییان لەسەر دابەشبوونی قەبارەی سیستەمەکە هەبووە.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

هەوڵێکە بۆ هەڵسەنگاندنی دابەشبوونی قەبارەیی سیستەمی شارنشنی ناوچەی توێژینەوەو کاریگەرییان لەسەر سیستەمی شارنشینی ناوچەی توێژینەوە، تاکو لەرێگەیەوە بەکۆمەڵێک ئامانجی دیاریکراو بگەین، گرنگترنیان:

1. پیشاندانی وێنەیەکی کەتواریی دابەشبوونی قەبارەی سیستەمی شارنیشنی ناوچەی توێژینەوە.
2. خستنەڕووی تایبەتمەندیو برِی هاوسەنگی لە سیستەمی شارنشنی ناوچەی توێژینەوەدا.
3. دەرخستنی پلەی هەژموونی شارنشینییو پلەی توندییەکی لە ناوچەی توێژینەوەدا.

## گرنگیی توێژینەوەکە:

1. خستنەڕووی تایبەتمەندییە قەبارەییەکانی سیستەمی شارنشینی ناوچەی توێژینەوە.
2. خستنەڕووی ئەو گۆڕانکارییانەی لە پێکهاتەی پلەبەندی دانیشتوانی شارەکانی ناوچەی توێژینەوە روویانداوە بە ئامانجی زانینی ئەو گۆڕانکارییانەی تێیاندا روویانداوە لەگەڵ خستنەڕووی هۆکارەکانی.
3. هەڵسەنگاندنی قەبارەی شارەکانی سیستەمی شارنشنی ناوچەی توێژینەوە لە رێگەی بەکارهێنانی گرنگترین رێگە ئامارییە بەکارهاتووەکان لە جوگرافیای شاردا وەکو ( یاسای ریزبەندی قەبارەی زیف، جیفرسۆن، نیشاندەری هاوسەنگی شارنشینی، رێبەری پێشەنگی شاری یەکەم، هتد)، بۆ ئاشکراکردنی قەبارەی ئەو کەموکورییانەی لە سیستەمی شارنشینی ناوچەی توێژینەوەدا هەیە بەمەشتی دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان.

## رێبازی توێژینەوەکە:

لە توێژینەوەکەدا، بەتایبەت لەو تەوەرانەی کە گرنگییەکی زۆریان هەیەو بەهۆیانەوە دەتوانرێت بڕیار لەسەر دابەشبوونی قەبارەیی سیستەمەکە بدرێت، رێبازی شیکاری چەندێتی (التحليل الكمي) بەکارهێنراوە، لەم نێوەندەشدا پشت بە چەند هاوکێشەیەکی ئاماریی تایبەت بە دەرخستنی هەریەک لە (دابەشبوونی دەستە قەبارییەکان، پلەبەندی شارەکان، پلەی هەژموونی شارنشینی) بەستراوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی پشتی بە رێبازی پەسنی (وصفي) بەستووە، تاکو لەرێگەیەوە تایبەتمەندییە گشتییەکانی دابەشبوونی قەبارەیی لە ناوچەی توێژینەوەدا بخاتەڕوو.

## شوێنگەی جوگرافیی پارێزگای سلێمانی:

ناوچەی توێژینەوە لەڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمیەوە لە نێوان بازنەکانی پانیی (''34 '55 °34 -''48 '28 °36)ی باکوری گۆی زەویو هێڵەکانی درێژیی (''37 '31 °44 -''24 '20 °46)ی رۆژهەڵات هەڵکەوتووە، بڕوانە نەخشەی (1). لەڕووی شوێنی جوگرافییەوە دەکەوێتە


ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستانو باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراقەوە، لە بەشی ڕۆژهەڵاتو باکوری ڕۆژهەڵاتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران هاوسنورە، لە باشوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای هەڵەبجە، لە بەشی باکورو باکوری ڕۆژئاواوە پارێزگای هەولێر دەنوێنێت، لە باشوری خۆر ئاوایشەوە لەگەڵ پارێزگای کەرکوك هاوسنورە، بەشی باشوریشی بریتیە لە ئیدارەی گەرمیان بڕوانە نەخشەی (1).

سەبارەت بە ژمارەی شارەکانی پارێزگای سلێمانی بریتین لە (45) شار، کۆی گشتی ڕووبەرەکەیشی بریتیە لە (14042 کم2)، بڕوانە نەخشەی (1).

## ماوەی کاتیی توێینەوەکە:

زانیاریو داتاکانی نێوان ساڵانی (1977-2023)، زانیاریی بنەڕەتین لە شیکردنەوەی دابەشبوونی قەبارەی سیستەمی شارنشینی ناوچەی توێژینەوەدا.

نەخشەی (1) شوێنی ناوچەی توێژینەوە بەگوێرەی عێراق و هەرێمی کوردستان




**سەرچاوە/ کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:**

**1.** (حداد & ئەوانی دیکە, 2019, ل. 81) **2.** (بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، 2023)

## هەڵسەنگاندنی تایبەتمەندییە قەبارەییەکانی سیستەمی شارنشینی پارێزگای سلێمانی

لە توێژینەوەکەدا پشت بە ژمارەی دانیشتوان بەستراوە، وەکو ڕەگەزێکی گرنگیی دیاریکردنی قەبارەی شارەکان بۆ هەڵسەنگاندنی قەبارەی سیستەمی شارنشینیو گرنگیی شارەکانیو ڕۆڵە هەرێمییەکەی، چونکە وەکو (کریستالر) ئاماژەی بۆ دەکات، قەبارەی شار ڕەنگدانەوەو کاریگەری لەسەر ئەو پیشەو خزمەتگوزارییانە دەبێت، کە شارەکە ئەنجامی دەدات، بەجۆرێك تاوەکو قەبارەی شارەکان زیاد بکات ئەوەندە پیشەکانی زیاددەکات، بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی خۆیو ناوچەکانی دەوربەری.

سیستەمی شارنشینییو گەشەسەندنی پەیوەستە بە گۆڕانکارییە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانی دانیشتوانەوە لە شارەکاندا، بۆیە جوگرافیناسەکان چەندین ئاماژەو ڕێگا بەکاردەهێنن بۆ توێژینەوە لە پەیوەندی نێوان قەبارەی شارەکانو ڕیزبەندییانو پێشکەوتنیان بۆ هەڵسەنگاندنی دابەشبوونی قەبارەی شارەکان لە ماوەیەکی کاتی دیاریکراودا. بۆ ئەم مەبەستە ئەم توێژینەوەیە بەم شێوەیەی خوارەوە خراوەتەڕوو:

## یەکەم: هەڵسەنگاندنی دەستە قەبارەییەکانی سیستەمی شارنشینی ناوچەی توێژینەوە:

توێژینەوە لە قەبارەی شارەکانو دەستەکانی قەبارەیانو دابەشبوونیان ئاماژەیەکی گرنگە، بۆ تێگەیشتن لە پرۆسەکانی شارنشینیی، بۆیە لە

کاتی توێژینەوە لە بارەی شارەکانی هەر ناوچەیەك گرنگە دەستەی قەبارەو ریزبەندی هەرەمیو رێژەی هەر دەستەیەك دیاریبکرێت، چونکە زۆربەی کات قەبارەی شارەکان رەنگدانەوەی گرنگییەکانیانەو وێنەیەکی روونمان دەداتێ سەبارەت بە سروشتو شێوازی دابەشبوونی شارەکان لە لایەكو ئەو بەرەوپێشچوونانەی بەسەر قەبارەکانیاندا هاتووە لە لایەکی ترەوە، ئەمەش هەنگاوی یەکەمە بۆ تێگەیشتن لە زۆرێك لە لایەنەکانی شارنشینیی لە نێویشیادا دیاردەی هەژموونی شارنشینیی (عزیز، 2022، ص81). ئەمە جگە لەوەی یەکێکە لە گرنکترین نیشاندەرەکانی هاوسەنگی پێکهاتەی شارنشینیی، چونکە قەبارەی هەرەمی رێکوپێك ئەو جۆرە سیستەمانەن، کە دەستەی قەبارەی شارەکانیان لە رووی ژمارەو قەبارەوە جۆرێك لە گونجاویان تێدایە بەجۆرێك ناوەندی قەبارەی هەر دەستەیەکیان یەکسانبێت بە نیوەی ناوەندی قەبارەی شارەکانی دەستەکەی سەرەوەی خۆیو دووهێندەی ناوەندی قەبارەی شارە بچووکەکەی دوای خۆی بێت (الخالدي، 2020، ص470). بۆ خستنەرووی تایبەتمەندی دەستە قەبارەییەکانو هەڵسەنگاندنیان ئەم بابەتە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخرێتەروو:

## أ. بەرەو پێشچوونی ژمارەی شارەکان:

بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسیو ئابووریو گۆڕانکارییە کارگێڕییانەی بەسەر ناوچەی توێژینەوەدا هاتووە، بەدرێژای ماوەی توێژینەوە هەڵکشانو داکشانی زۆر بەسەر ژمارەی شارەکانی ناوچەی توێژینەوەدا هاتووە، بە سەیرکردنی خشتەی (1)و نەخشەکانی (5,4,3,2) کە تایبەتن بە پۆلێنکردنی ژمارەیی شارەکان بەگوێرەی دەستە قەبارەیەکانیان دەتوانرێن تێبینی ئەم خاڵانە بکرێت:

1. لەنێوان سالآنی (1977-1987) ژمارەی دەستەکان لە چوار دەستەوە زیاددەکات بۆ پێنج دەستەو پاشانیش بۆ شەش دەستە لە ساڵی (2023)دا.

2. بەدرێژایی ماوەی توێژینەوەکە گەورەترینو کۆتا دەستە، کە لە (150) هەزار کەس زیاترە شاری سلێمانی بەتەنها تێدا جێگیر بووەو بە جیاوازییەکی زۆر لەگەڵ شارەکانی دیکەدا.

3. لەگەڵ ئەوەی بەدرێژایی ماوەی توێژینەوەکە شاری سلێمانی بە تەنها دەبینرێت، لە گەورەترین دەستەدا، بەڵام گرنگییە رێژەییەکەی بەردەوام گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەجۆرێك لە ساڵی (1977) تەنها (3.1٪) رێژەی شارەکانی ناوچەی توێژینەوەی پێکهێناوە، بەڵام لە ساڵی (1987) بەرزبۆتەوە بۆ (5٪) بەهۆی کەمبوونەوەی ژمارەی شارەکانەوە، کە لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە سیاسییەی کە ناوچەی توێژینەوە پێیدا تێپەڕیوە لەو ماوەیەدا، بەڵام لە دوای راپەڕینی ساڵی (1991) و دووبارە بنیاتنانەوەی شارە رووخاوەکانو گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان لە ساڵی (2002) ژمارەی شارەکانی ناوچەی توێژینەوە بەرزدەبێتەوە بۆ (33) شار، بەمەش جارێکی تر رێژەی بەشداریی شاری سلێمانی لە رێژەی شارەکان دادەبەزێتەوە بۆ (3٪)و پاشانیش بۆ تەنها (2.2٪) لە ساڵی (2023)دا.

4. بچووکترین دەستەی قەبارە واتە کەمتر لە (5000) کەس، زۆرترین ژمارەی شارەکانی ناوچەی توێژینەوەی لە خۆگرتووە لە ساڵەکانی (1977، 1987، 2023)دا، چونکە لە ساڵی (1977)دا هاوسەنگی ژینگەی لە ئاستێکی باشدا بوو دانیشتوان زیاتر بە کشتوکاڵەوە خەریکبوون، بۆیە ئەوانەشی شارنشین بوو زیاتر لە سەنتەری ناحیەو شارەکانی نزیکی کێڵگە کشتوکاڵیەکانیان دەمانەوە، ئەمە جگە لەوەی جیاوازی گەورەی خزمەتگوزاریی لە نێوان شارەکاندا نەبوو تاوەکو دانیشتوان بەرەو شارە گەورەکان کۆچبکەن. لە ساڵی (1987)دا هەرچەندە هاوسەنگی ژینگەی تێکدەچێت لە ئەنجامی رووخاندنی گوندەکانەوە لە ئەنجانی شاڵاوەکانی ئەنفالەوە، بەمەش کەرتی کشتوکاڵی بەتەواوی پەکی دەکەوێت، بەڵام رێژەی بەشداری ئەم دەستەیە لە نێوان سالآنی (1977-1987) لە (62.5٪) دابەزێت بۆ (35٪)، لەگەڵ ئەوەشدا دانیشتوان لە سەنتەری ناحیەو کۆمەڵگە زۆرەملێکاندا کۆبوونەوە، نەك بەرەو سەنتەری قەزاو شارە مامناوەندو گەورەکان کۆچبکەن، لە ساڵی (2023) هەرچەندە چەند شارێکی گەورە بەشی هەرە زۆری دانیشتوان بۆ خۆیان رادەکێشن، بەڵام لە ئەنجامی دروستبوونی چەند شارێکەوە کە پێشتر گوند بوون، زیاتر بە مەبەستی دروستکردنی سەنتەری خزمەتگوزاریی بوون بۆ گوندەکانی دیکەی دەوروبەریان جارێکی دیکە ئەم دەستەیە رێژەکەی بەرزدەبێتەوە بۆ رێژەی (51.1٪) شارەکانی ناوچەی توێژینەوە.


5. تەنها لە ساڵی (2002) دەستەی (10001-50000) ژمارەی شارەکانیان بەرزدەبێتەوە بۆ (14) شار بەرێژەی (42.5٪) شارەکانی ناوچەی توێژینەوە، چونکە لەم ماوەیەدا دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە روویان لە شارەکان کردو بۆ یەکەمجار پلەی شارنشینیی گەیشتە (76.7٪) دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە بڕوانە خشتەی (1)، بەمەش قەبارەی شارەکان گەورەتربوون.

خشتەی (1) بەرەوپێشچوونی ژمارەی شارەکان بەگوێرەی دەستەکانی قەبارەیان لە ناوچەی توێژینەوە لە (1977-2023)

| ژ | ساڵ | 1977 | | 1987 | | 2002 | | 2023 | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دەستە قەبارەییەکان | ژمارەی شار | ٪ | ژمارەی شار | ٪ | ژمارەی شار | ٪ | ژمارەی شار | ٪ |
| 1. | کەمتر لە 5000 | 20 | 62.5 | 7 | 35 | 13 | 39.4 | 23 | 51.1 |
| 2. | 5001-10000 | 8 | 25 | 4 | 20 | 4 | 12.1 | 1 | 2.2 |
| 3. | 10001-50000 | 3 | 9.4 | 6 | 30 | 14 | 42.5 | 10 | 22.2 |
| 4. | 50001-100000 | - | - | 2 | 10 | 1 | 3 | 9 | 20 |
| 5. | 100001-150000 | - | - | - | - | - | - | 1 | 2.2 |
| 6. | زیاتر لە 150000 | 1 | 3.1 | 1 | 5 | 1 | 3 | 1 | 2.2 |
| 7. | کۆ | 32 | 100 | 20 | 100 | 33 | 100 | 45 | 100 |


**سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە پاشکۆی (1)**

نەخشەی (2) دابەشبوونی ژمارەی شارەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەگوێرەی دەستە قەبارەییەکان لە ساڵی (1977)





سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی (1)

نەخشەی (3) دابەشبوونی ژمارەی شارەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەگوێرەی دەستە قەبارەییەکان لە ساڵی (1987)





سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی (1)

نەخشەی (4) دابەشبوونی ژمارەی شارەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەگوێرەی دەستە قەبارەییەکان لە ساڵی (2002)




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی (1)

نەخشەی (5) دابەشبوونی ژمارەی شارەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەگوێرەی دەستە قەبارەییەکان لە ساڵی (2023)




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی (1)

6. دەستەی قەبارەی (100001-150000) کەس لە ماوەی ساڵانی (1977-2002) هیچ شارێکی تێدا بەدینەکرێت، بەڵام دواتر لە ساڵی (2023) تەنها یەك شار بەرێژەی (2.2٪) شارەکان دەکەوێتە ئەم دەستەیەوە، چونکە بۆ یەکەمجار لە مێژوویدا شاری رانیە بەربەستی (100000) کەس تێدەپەڕێنێ، لەبەر ئەوەی ئەم شارە دەبێتە سەنتەری ئیدارەی راپەڕین و ژمارەی دامودەزگاکانی زیاددەکات و زانکۆو پەیمانگەی تێدا دەکرێتەوە.

7. ڕێژەی سەدیی ژمارەی شارەکانی ناوچەی توێژینەوە کەمدەکات، لەگەڵ بەرزبوونەوەی دەستەی قەبارەکانیان بەجۆرێك گەورەترین قەبارەی شارەکانی ناوچەی توێژینەوە کەمترین ڕێژەی شارەکانی ناوچەی توێژینەوەی لە خۆگرتووە بە درێژایی ماوەی توێژینەوەکە.

8. لە ساڵی (1987) بارودۆخێکی جیاواز لە ساڵەکانی دیکەی ماوەی توێژینەوە بەدیدەکرێت، بەوەی جگە لەوەی ژمارەی شارەکان کەمدەکات، دەستەی قەبارەکانیش لە یەکتر نزیکدەبنەوە، بەجۆرێك دەستەی شارە بچووکەکان بەشێکی گەورەی ڕێژەکانیان لە دەستدەدەن، لە بەرژەوەندی دەستە مام ناوەندەکاندا.

9. دەستە قەبارە مامناوەندەکان (10001-50000) و (50001-10000) لە ماوەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی بەرچاو ڕێژەی بەشدارییان لە دەستە قەبارەییەکانی ناوچەی توێژینەوە بەرزبۆتەوە، بەجۆرێك لە (9.4٪) لە ساڵێ (1977) بەرزبۆتەوە بۆ (40، 45.5، 44.2٪) بە دوای یەکدا بۆ لە ساڵەکانی(1987، 2002، 2023).

## ب. بەرەوپێشچوونی قەبارەی شارەکان :

بەهەمانشێوەی ژمارەی شارەکان گۆڕانکاریی گەورەیش بەسەر قەبارەی شارەکاندا هاتووە، بەهەمان هۆکارە سیاسیو کارگێڕیو ئابوورییەکانەوە، بە سەیرکردنی خشتەی (2)و نەخشەکانی (5,4,3,2)، دەتوانرێت تێبینی ئەم خاڵانە بکرێت:

1. شاری سلێمانی بە بەردەوامی وەکو گەورەترین شاری ناوچەی توێژینەوە بە درێژایی ماوەی توێژینەوەکە، بەتەنها لە گەورەترین‌و کۆتا دەستەی قەبارەی شارەکانی ناوچەی توێژینەوە جێگیربووەو زیاتر لە نیوەی ڕێژەی قەبارەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە لە خۆگرتووە، جگە لە کۆتا ساڵ کە ڕێژەی بەشداری دابەزیوە بۆ (44.7٪) ڕێژەی قەبارەی دانیشتوانی شارەکانی ناوچەی توێژینەوە.

2. نزمبوونەوەی بەردەوامی ڕێژەی قەبارەی ئەو شارانەی دەستەی قەبارەیان بچووکەو ژمارەی دانیشتوانیان لە (10000) کەس کەمترە، واتە هەردوو دەستەی یەکەمو دووەم پێکەوە، کە ڕێژەیەیان لە نێوان ساڵانی (1977-2023) لە (31٪) دابەزیوە بۆ تەنها (2.2٪) ڕێژەی قەبارەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە، چونکە جیاوازییەکی گەورەی خزمەتگوزاریی لە نێوان شارەکانی ناوچەی توێژینەوەدا دروست دەبێت‌و خزمەتگوزارییەکان لە سەنتەری قەزاکانو چەند شارێکی کەم کۆدەبنەوە، بەمەش دانیشتوان بەرەو ئەو شارانە کۆچ دەکەن.

3 .دەستەی قەبارە مامناوەندەکان واتە دەستەکانی سێیەمو چوارەم (10001-50000) و (50001-100000) بەردەوام ڕێژەی بەشداریان بەرزبۆتەوە، بەجۆرێك لە ساڵی (1977) تەنها (15.2٪) ڕێژەی قەبارەی دانیشتوانیان پێکهێناوە، بەڵام لە ساڵەکانی دواتردا بەردەوام ڕێژەکانیان بەرزبۆتەوە بۆ (37.5، 37.8، 47٪) ڕێژەی قەبارەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە لە ساڵەکانی (1987، 2002، 2023) بە دوای یەکدا.

4 .دەستەی قەبارەی (100001-150000) کەس بەدرێژایی ماوەی توێژینەوەکە هیچ بەشدارییەکی نەکردووە، لە ڕێژەی سەدیی قەبارەی شارەکانی ناوچە توێژینەوە جگە لە ساڵی (2023) کە شاری ڕانیە دێتە نیو ئەم دەستەیەو بە (6.1٪) بەشداریدەکات لە ڕێژەی سەدیی قەبارەی شارەکانی ناوچەی توێژینەوە، چونکە وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆکرد شاری ڕانیە دەبێتە سەنتەری ئیدارەی ڕاپەڕین، بەمەش ژمارەی دەستە قەبارەییەکانی ناوچەی توێژینەوە بۆ یەکەمجار دەبێتە شەش دەستە.

5. ئەو شارانەی ژمارەی دانیشتوانیان لە (50000) کەس کەمترە واتە سێ دەستەی یەکەم بەردەوام ڕێژەی قەبارەیان بەرەو کەمبوونەوە ڕۆیشتووە بە درێژایی ماوەی توێژینەوەکە بە بەراورد بە بەسێ دەستەی کۆتایی، بە جۆرێك ڕێژەی قەبارەیان لە (46.2٪) لە ساڵی (1977) دابەزیوە بۆ (29.5، 37.1، 16.3٪) لە ساڵەکانی (1987، 2002، 2023) بەدوای یەکدا، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەو جیاوازییە گەورەیەی لە نێوان شارە قەبارە بچووك‌و مامناوەندو گەورەکانی ناوچەی توێژینەوەدا دروستبوو، بە درێژای ماوەی توێژینەوەکەو بەردەوام زیادی کردووە، بەهۆی ناوهاوسەنگی دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکانەوە.

## ج. هەڵسەنگاندنی دەستە قەبارەییەکان:

لە توێژینەوەکەدا پشت بە هاوکۆلکەی جینی بەستراوە، بۆ هەڵسەنگاندنی دەستەی قەبارەی شارەکانی ناوچەی توێژینەوە، کە بریتیە لە نیشاندەرێکی ژمارەیی لە چەماوەی (لۆرنزە)وە وەرگیراوە، بەکاردێت بۆ پێوانەی ڕادەیی جیاوازیی لە دابەشبوونی دیاردە جیاوازەکان لەوانەش دابەشبوونی دانیشتوان. بە هاوکێشەی تایبەت* ئەو ناوچەیەیە کە دەکەوێتە نێوان هێڵی دابەشبوونی دیاردەکانو هێڵی نموونەیی دەژمێرێت، کە ئەنجامەکەی لە نێوان (0-1) دایە، بەجۆرێك تاوەکو ئەنجامەکەی لە (1) نزیك بێت ئەوا جیاوازییەکی زۆر لە دابەشبوونەکە هەیەو تاوەکو لە سفریشەوە نزیك بێت جیاوازیی لە دابەشبوونەکە کەمتر دەبێتەوە (ابوشاور واخرون، 2011، ص51).

لە خشتەی (3)و شێوەی (1) لە ئەنجامی جێبەجێکردنی هاوکێشەی هاوکۆلکەی جینی بەسەر ناوچەی توێژینەوەدا دەردەکەوێت، بە درێژایی ماوەی توێژینەوەکە ئەنجامی هاوکێشەکە لە نێوان (0.71-0.76) بووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی جیاوازییەکی گەورە لە دابەشبوونی شارەکاندا هەیە بەپێی دەستەکانی قەبارە، چونکە ئەنجامەکە زیاترە لە (0.5)، واتە دابەشبوونی شارەکان نموونەیی نییەو بەشێوەیەکی نارێك بەسەر دەستەکاندا دابەشبوون، بەجۆرێك دەبینین بەردەوام دەستەی کۆتایی، کە بەدرێژای ماوەی توێژینەوەکە شاری سلێمانی تێدا بووە بەتەنها بەشێکی گەورەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەی لە خۆگرتووە، ئەمە جگە لەوەی بەبەردەوامی دوو دەستەی کۆتایی هەرچەندە زیاتر لە نیوەی دانیشتوانیان تێدا کۆبۆتەوە، بەڵام لە بەرامبەردا هیچ کات زیاتر لە (6٪) ژمارەی شارەکانیان پێك نەهێناوە جگە لە ساڵی (1987) کە ڕێژەکەی بەرز دەبێتەوە بۆ (15٪) بەهۆی ڕوخاندنی (12) شاری ناوچەی توێژینەوە لە چوارچێوەی بڕیارە سیاسییەکانیدا، بۆیە ئەم پێوەرە خەجتدەکاتەوە لەوەی ژمارەی شارەکان بەشێوەیەکی یەکسان‌و نموونەیی بەسەر تەواوی دەستەکاندا بڵاونەبوونەتەوە. بەڵکو ڕێژەی چڕبوونەوە بەدرێژایی ماوەی توێژینەوەکە زیاترە لە (70٪) لە نێوان هێڵی نموونەیی‌و هێڵی دابەشبووندا، ئەمەش بەومانایەی (70٪) شارەکانی ناوچەی توێژینەوە بەگوێرەی قەبارەیان پێویست بووە لە نێو دەستە قەبارەیەکاندا دووبارە دابەش بکرێنەوە، بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگی لە نێو دەستەکاندا.

خشتەی (2) بەرەوپێشچوونی قەبارەی شارەکان بەگوێرەی دەستەکانی قەبارەیان لە ناوچەی توێژینەوە لە (1977-2023)

| ژ | ساڵ | 1977 | | 1987 | | 2002 | | 2023 | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دەستە قەبارەییەکان | ژ. دانیشتوان | ٪ | ژ. دانیشتوان | ٪ | ژ. دانیشتوان | ٪ | ژ. دانیشتوان | ٪ |
| 1. | کەمتر لە 5000 | 34288 | 10.5 | 18089 | 2.7 | 23186 | 2.3 | 31378 | 1.8 |
| 2. | 5001-10000 | 66652 | 20.5 | 30322 | 4.5 | 27484 | 2.8 | 6471 | 0.4 |
| 3. | 10001-50000 | 49520 | 15.2 | 154971 | 22.8 | 317978 | 32.0 | 229019 | 13.1 |
| 4. | 50001-100000 | - | - | 113402 | 16.7 | 55756 | 5.6 | 590806 | 33.9 |
| 5. | 100001-150000 | | | | | | | 105997 | 6.1 |
| 6. | زیاتر لە 150000 | 175413 | 53.8 | 364096 | 53.5 | 569123 | 57.3 | 779446 | 44.7 |
| 7. | کۆ | 325873 | 100 | 680880 | 100 | 993527 | 100 | 1743117 | 100 |


سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە پاشکۆی (1)

خشتەی (3) ئەنجامی هاوکۆلکەی جینی لە ناوچەی توێژینەوە لە (1977-2023)

| ژ | دەستەی قەبارە | ٪ دانیشتووان | ٪ شار | SI | SI-1 | SI+SI1 | WI | WI*SI+SI | ئەنجامی هاوکێشە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | 1977 | | | | | |
| 1 | کەمتر لە 5000 | 10.5 | 62.5 | 62.5 | | 62.5 | 10.5 | 657.6 | 0.71 |
| 2 | 5001-10000 | 20.5 | 25.0 | 87.5 | 62.5 | 150.0 | 20.5 | 3068.0 | |
| 3 | 10001-50000 | 15.2 | 9.4 | 96.9 | 87.5 | 184.4 | 15.2 | 2801.8 | |
| 4 | زیاتر لە 150000 | 53.8 | 3.1 | 100 | 96.9 | 196.9 | 53.8 | 10597.5 | |
| 5 | کۆ | 100.0 | 100 | | | | 100 | 17124.9 | |
| | | | | 1987 | | | | | |
| 1 | کەمتر لە 5000 | 2.7 | 35 | 35 | | 35 | 2.7 | 93.0 | 0.71 |
| 2 | 5001-10000 | 4.5 | 20 | 55 | 35 | 90 | 4.5 | 400.8 | |
| 3 | 10001-50000 | 22.8 | 30 | 85 | 55 | 140 | 22.8 | 3186.5 | |
| 4 | 50001-100000 | 16.7 | 10 | 95 | 85 | 180 | 16.7 | 2997.9 | |
| 5 | زیاتر لە 150000 | 53.5 | 5 | 100 | 95 | 195 | 53.5 | 10427.5 | |
| 6 | کۆ | 100.0 | 100 | | | | | 17105.7 | |
| | | | | 2002 | | | | | |
| 1 | کەمتر لە 5000 | 2.3 | 39.4 | 39.4 | | 39.4 | 2.3 | 90.62 | 0.73 |
| 2 | 5001-10000 | 2.8 | 12.1 | 51.5 | 39.4 | 90.9 | 2.8 | 254.52 | |
| 3 | 10001-50000 | 32 | 42.5 | 94 | 51.5 | 145.5 | 32 | 4656 | |
| 4 | 50001-100000 | 5.6 | 3 | 97 | 94 | 191 | 5.6 | 1069.6 | |
| 5 | زیاتر لە 150000 | 57.3 | 3 | 100 | 97 | 197 | 57.3 | 11288.1 | |
| 6 | کۆ | 100 | 100 | | | | 100 | 17358.84 | |
| | | | | 2023 | | | | | |
| 1 | کەمتر لە 5000 | 1.8 | 51.1 | 51.1 | | 51.1 | 1.8 | 92.0 | 0.76 |
| 2 | 5001-10000 | 0.4 | 2.2 | 53.3 | 51.1 | 104.4 | 0.4 | 38.8 | |
| 3 | 10001-50000 | 13.1 | 22.2 | 75.6 | 53.3 | 128.9 | 13.1 | 1693.4 | |
| 4 | 50001-100000 | 33.9 | 20.0 | 95.6 | 75.6 | 171.1 | 33.9 | 5799.6 | |
| 5 | 100001-150000 | 6.1 | 2.2 | 97.8 | 95.6 | 193.3 | 6.1 | 1175.6 | |
| 6 | زیاتر لە 150000 | 44.7 | 2.2 | 100 | 97.8 | 197.8 | 44.7 | 8843.8 | |
| 7 | کۆ | 100 | 100.0 | | | | 100 | 17643.2 | |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی (1) و (2).

شێوەی(1) ئەنجامی هاوکۆلکەی جینی لە ناوچەی توێژینەوە لە (1977-2023)




سەرچاوە: خشتەی (3).

## دووەم: هەڵسەنگاندنی قەبارەی شارەکانی سیستەمی شارنشینی ناوچەی توێژینەوە :

هەرچەندە توێژینەوە لە بارەی پێکهاتەی قەبارەیی شارەکانو دابەشکردنیان بە گوێرەی دەستە قەبارەییەکان، گرنگییەکی گەورەی لە توێژینەوەکانی تایبەت بە دیاردەی شارنشینیی‌و گەشەسەندنی شاردا هەیە، بەڵام بە تەنها ناتوانێ وێنەیەکی تەواو روونمان بداتێ، لە بارەی دابەشبوونی قەبارەی شارەکانی هەر هەرێمو ناوچەو پارێزگایەک، چونکە گەشەسەندنی ژمارەی شارەکانو قەبارەکانیان تەنها گۆڕانێکی هەرەمەکی نییە، بەڵکو ئەم گۆڕانانە پەیوەستن بەو یاساو رێساو هۆکارو گۆڕاوانەی، کە کاریگەریان لە ئاراستەو برەکانیدا هەیە، بۆیە گرنگە پرۆسەی شیکردنەوەو توێژینەوە لە شوێنو قەبارەو ژمارەی شارەکان بەپێی رێساو مۆدێلو تیۆرییەکان بێت (ابوعیاش، 1983، ص 136).

گرنگیی توێژینەوە لە قەبارەی شارەکان لەوەدایە، کە بەرچاو روونیەکی زۆر دەدات بە پلاندەرانی شار، بۆ راگرتنی هاوسەنگی لە سیستەمی شارنشینی لەسەر ئاستی وڵاتو هەرێمێکی دیاریکراودا. بەوپێیەی هەندێک شار پێویستە قەبارەیان گەورە بکرێتو هەندێکی دیکەش بە پێچەوانەوە پێویستە سنووردار بکرێت، ئەمەش دوای توێژینەوەیەکی وردو هەڵسەنگاندنی پێداویستییەکانی هەر هەرێمو وڵاتێكو دڵنیابوون لە دابەشکردنی پرۆژەکان .

پەیوەندیی نێوان قەبارەی شارو ریزبەندییەکەی گۆشەیەکی گرنگ لە توێژینەوەکانی سیستەمی شارنشینی پێکدەهێنێتو بۆتە جێگەی گرنگیی پێدانی توێژەران بە بەکارهێنانی چەندین رێگەی ئاماری بۆ دیاری کردنی سروشتی پەیوەندیی نێوان قەبارەی شارو ریزبەندییەکەی. لەم باسەدا بە پشتبەستن بە گرنگترین رێگا ئامارییەکان هەوڵدەدەین شیکارو هەڵسەنگاندنی پێکهاتەو ریزبەندیو هەژموونی شارەکانی ناوچەی توێژینەوە بکەین لە نێوان ساڵانی (1977-2023) بەم شێوەیەی خوارەوە :

### أ: یاسای شاری سەرەکی جیفرسۆن:

ئەم یاسایە لە ساڵی (1939) لە لایەن جیفرسۆنەوە دانراوە، دوای ئەوەی توێژینەوەیەکی وردی لەسەر بەشێکی زۆری پایتەختو شارە گەورەکانی جیهانەوە دەست پێکرد، تێبینی ئەوەی کرد لە هەموو وڵاتەکانی جیهاندا شارێکی سەرەکی هەیە، کە زۆر جار پایتەختی وڵات یان هەرێمێکەو دەسەڵاتو خزمەتگوزاریی‌و چالاکییەکان تێیدا کۆبووەتەوە، لە ئەنجامدا قەبارەی دانیشتوانی لەسەر حسابی شارەکانی دیکە گەورە دەبێت (الجابري، 2005، ص32)، بەتایبەتی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوودا، کە لە کۆتاییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لەگەڵ سەرەتاکانی بیرۆکەی گەشەپێداندا بە خۆیانەوە بینیان، هۆکاری ئەمەشی بۆ چەندین هۆکاری سەرەکیو لاوکی گەڕاندەوە، سەرەکییەکان بۆ هۆکاری ئابووریو هەلی کار، لاوەکییەکانیش بۆ کۆچ، لە ئەنجامدا جیاوازییەکی گەورە لە توانای شارەکاندا دەردەکەوێتو دەبێتە هۆی نایەکسانیو نارێکی لە قەبارەی دانیشتوانی شارەکاندا بەمەش بیرۆکەی شاری سەرەکی یان هەژمونی شاری یەکەم دەرکەوت (کوستیلو، 1984، ص84). کە تێیدا ئاماژە بەوە دەکات شاری دووەم (30٪)و شاری سێیەمیش (20٪) شاری یەکەم بێت (حمدان، 1977، ص 268).

لە ئەنجامی جێبەجێکردنی یاسای جیفرسۆن بەسەر ناوچەی توێژینەوەداو دەرخستنی ئەنجامەکەی لە خشتەی (4)و شێوەی (2) دەتوانرێت تێبینی ئەم خاڵانە بکرێت:

1. ئەم یاسایە بە درێژایی ماوەی توێژینەوەکە لەگەڵ بارودۆخی سیستەمی شارنشینی ناوچەی توێژینەوەدا نەگونجاوە، چونکە رێژەی سەدیی سێ شاری یەکەمی ناوچەی توێژینەوە بە درێژایی ماوەی توێژینەوەکان لەگەڵیدا یەکناگرنەوە، بەجۆرێک نزیکترین نزیکبوونەوە لە شاری یەکەم

خشتەی (4) ڕێژەی سەدی شاری دووەمو سێیەم بە گوێرەی شاری یەکەم لە ناوچەی توێژینەوەدا لە (1977 -2023)

| ژ | شار | ڕێژەی سەدی شاری دووەمو سێیەم لە شاری یەکەم بەگوێرەی یاسای جیفرسۆن | ڕێژەی سەدی شاری دووەمو سێیەم لە شاری یەکەم | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | 1977 | ڕێژەی لادان | 1987 | ڕێژەی لادان | 2002 | ڕێژەی لادان | 2023 | ڕێژەی لادان |
| .1 | دووەم | 30 | هەڵەبجە 12.7 | 17.3 | کەلار 17.33 | 12.67 | ڕانیە 9.80 | 20.2 | ڕانیە 13.60 | 16.4 |
| .2 | سێیەم | 20 | قەڵادزێ 7.8 | 12.2 | چەمچەماڵ 13.82 | 6.18 | قەڵادزێ 7.82 | 13.82 | قەڵادزێ 10.93 | 9.07 |

سەرچاوە: پاشکۆی (1)

شێوەی (2) ڕێژەی سەدی شارەکانی دووەمو سێیەم بەگوێرەی شاری یەکەم لە ناوچەی توێژینەوە لە (1977-2023)




سەرچاوە: خشتەی (4).

لە ساڵی(1987) بووە، کە شارەکانی (کەلار، چەمچەماڵ) بۆ یەکەم جار وەک شارەکانی (دووەم، سێیەم) دەردەکەون، بە ڕێژەی (17.33، 13.82٪) شاری یەکەم، واتە بەرێژەی لادانی (12.77، 6.18٪) بە گوێرەی یاسای جیفرسۆن بەدوای یەکدا.

2 .تایبەتمەندی سیستەمی شارنشینی ناوچەی توێژینەوە لەگەڵ یاساکە یەکدەگرنەوە بەوەی دەڵێت شاری یەکەم سیفەتی پایەتەختو شاری یەکەمی هەیە، چونکە شاری سلێمانی بە درێژایی ماوەی توێژینەوەکە شاری یەکەمو سەنتەری کارگێڕیی ناوچەی توێژینەوە بووە، ئەمە جگە لەوەی ڕۆڵی پایەتەختی بازرگانیو ڕۆشنبیریشی گێڕاوە.

3. پلەی هەژموونی شاری یەکەم لە ناوچەی توێژینەوەدا هاوتەریب نەبووە لەگەڵ بەرزبوونەوەی ڕێژەی شارنشینی وەکو ئەوەی جیفرسۆن ئاماژەی بۆ کردووەو دەڵێت لەگەڵ بەرزبوونەوەی ڕێژەی شارنشینی هەژموونی شاری یەکەمیش زیاددەکات، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە لە ساڵی (1977) شارەکانی دووەمو سێیەم (12.7٪)و (7.8٪) شاری یەکەمیان پێکهێناوە بەدوای یەکدا، بەڵام هەرچەند لە نێوان ساڵانی (1977-1987) ڕێژەی شارنشینی لە (48.2٪) زیاد دەکات بۆ (71.5٪)، بەڵام بەپێچەوانەوە دەبینین هەژموونی شاری یەکەم کەمتر دەبێتەوە، بەوەی ڕێژەی شارەکانی دووەمو سێیەم زیاددەکات بۆ (17.33٪) و (13.82٪) شاری یەکەم بەدوای یەکدا. هەرچەندە لە ساڵی (2002) ڕێژەی شارنیشنیو هەژموونی شاری یەکەم بۆ یەکەمجار لە ناوچەی توێژینەوە هاوتەریب دەبن، چونکە لەگەڵ بەرزبوونەوەی ڕێژەی شارنشینی بۆ (76.4٪) هەژموونی شارنشینیش بەرزدەبێتەوە بەوەی شارەکانی دووەمو سێیەم دادەبەزن بۆ (9.80٪) و (7.82٪) شاری یەکەم، بەڵام هۆکاری زیادبوونی هەژموونی شاری یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شارەکانی (کەلار، چەمچەماڵ) کە لە ساڵی (1987) شاری دووەمو سێیەمی ناوچەی توێژینەوەیان گرتبوو، لەسەر ناوچەی توێژینەوە لادەبرێنو شارەکانی (ڕانیە، قەڵادزێ) دەبنە شاری دووەمو سێیەمی ناوچەی توێژینەوە.

لە ساڵی (2023) جارێکی دیکە بەرزبوونەوەی ڕێژەی شارنشینیو پلەی هەژموونی شاری یەکەم پێچەوانەوە دەبنەوە بەوەی ڕێژەی شارنشی دەگاتە بەرزترین ئاستی ماوەی توێژینەوەکە (84.8٪) بەڵام لە بەرامبەردا جارێکی تر هاوشێوەی (1987) ڕێژەی شارەکانی دووەمو سێیەم بەرز دەبنەوە بۆ (13.60٪) و (10.39٪) شاری یەکەم.

4 .لە ڕووی لە یەکنزیکی شاری دووەمو سێیەم، کە جیفرسۆن (10٪) جیاوازی لە نێوانیان داناوە، بەوەی ئاماژە بەوەدەکات، شاری دووەم (30٪)و شاری سێیەم (20٪) شاری یەکەم بن، بەڵام بە درێژایی ماوەی لێکۆڵینەوە ئەم مەرجەی یاساکە بەسەر سیستەمی شارنشی ناوچەی

توێژینەوەدا یەکناگرێتەوە، چونکە ڕێژەی جیاوازی نێوان ئەم دوو شارە بریتی بووە لە (4.9، 3.51، 1.98، 3.21٪) بۆ ساڵەکانی (1977، 1987، 2002، 2023) بە دوای یەکدا.

کەواتە لەو خاڵانەی سەرەوە دەتوانین بگەین بەو ڕاستییەی، کە سەرەڕای ئەوەی لە چەند خاڵێکدا سیستەمی شارنشینی ناوچەی توێژینەوە لەگەڵ ئەو بنەمایانەی جیفرسۆن بۆ یاساکەی داناوە یەکدەگرنەوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی یاساکە بە سەر ناوچەی توێژینەوەدا جێبەجێ نابێت، بە هۆی ئەو بارودۆخە سیاسیو سەربازیانەی ناوچەی توێژینەوە پێیدا تێپەڕیوە، ئەمە جگە لەوەی جیاوازییەکی گەورەی ئابووریو خزمەتگوزاری لە نێوان شاری یەکەمو شارەکانی دیکەدا بەرچاوکەوتووە.

**ب: یاسای ڕیزبەندی قەبارەی زیف (G.K. Zipf):**

ئەم یاسایە لە ئەنجامی نووسینەکانی جۆرج زیفەوە سەرچاوەی گرتووە، لە پەنجاکانی سەدەی رابردووە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی لەسەر ژمارەیەک لە شارەکانی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، هەرچەندە ئەم بیرۆکەیە پێشووتر لەلایەن چەندین لێکۆڵەری دیکەی وەکو (ئارباخ، لتکا)وە هەبووە، بەڵام دواتر بەناوی زیفەوە ناسراوە، چونکە زیف توانی لە چوارچێوەی یاسایەکی ئاساندا بیرۆکەکەی بخاتەڕوو، بە پشت بەستن بەژمارەی دانیشتوانی شارەکان بە جۆرێک ئەگەر ژمارەی دانیشتوانی هەر شارێک لە یەکدانی ڕیزبەندییەکەی بکەی دەکاتە ژمارەی دانیشتوانی شاری یەکەم، واتە ئەگەر ژمارەی دانیشتوانی شاری پێنجەم (400000) بێت ئەوا ژمارەی دانیشتوانی شاری یەکەم (2000000) کەس دەبێت، یان بە واتایەکی دیکە بۆ زانینی ژمارەی دانیشتوانی هەر شارێک ڕیزبەندییەکەی دابەشی ژمارەی دانیشتوانی شاری یەکەم** دەکرێت (1، 2/1، 3/1، 4/1، هتد) (الهيتي و واخرون، 1986، ص 224). ئەم یاسایە بۆ خستنەڕووی ئەو سیستەمەی شارەکان لە وڵاتو هەرێمێکی دیاری کراودا وەری دەگرن بەکاردێت ، بەپشتبەستن بە ژمارەی دانیشتوانەکانیان، پاشان ڕیزکردنیان سەر بەرەو خوار لە بەرزترین ژمارەوە بۆ کەمترین ژمارەی دانیشتوان، واتە زیف پێی وابوو پەیوەندییەکی ئاماری لە نێوان قەبارەی دانیشتوانو پلەکانیاندا هەیە (اسماعيل، 1988، ص193)، کە دەتوانرێ لە گرافیکێکی سادەدا بخرێتەڕوو، ئەگەر شێوەی چەماوەیەکی ڕێکوپێکی (انسيابية) پلەپلەی لە شێوەی هێڵێکی ڕاست وەرگرت ئەوە مانای وایە سیستەمی شارنشینی لەو وڵاتو هەرێمەدا یەکگرتووەو گەیشتۆتە حاڵەتی پێگەیشتنی ئابووری، بەجۆرێک چالاکیە ئابووریو خزمەتگوزارییەکان بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر هەموو شارەکاندا دابەشبوون، بەڵام ئەگەر چەماوەکە شێوەی پلەپلەی هەڕەمەکی وەرگرت ئەوە بە مانای کەموکورتی لە سیستەمی شارنشینی دێتو شارێک یان چەند شارێکی کەم هەژموونیان بەسەر تەواوی شارەکانی دیکەوە هەیە (الشواورة، 2012، ص 341).

بەپشتبەستن بە خشتەی (5)و دابەشبوونی قەبارەی شارەکانی ناوچەی توێژینەوە لە شێوەکانی(3،4،5،6) لە ماوەی توێژینەوەکەدا دەتوانرێت تێبینی ئەم خاڵانە بکرێت:

1. بە درێژایی ماوەی توێژینەوەکە ئەم یاسایە بەسەر ناوچەی توێژینەوەدا جێبەجێ نابێت، بەجۆرێک جیاوازییەکی گەورە لە نێوان شاری یەکەمو تەواوی شارەکانی دیکەدا هەیە، کە نزیکترین نزیکبوونەوەی شاری دووەم لە شاری یەکەم لە ساڵی (1987) بووە بە (17.33٪) شاری یەکەم واتە بە ڕێژەی لادانی (32.67٪) لە یاسای ڕیزبەندی قەبارەیی.

2. شاری سلێمانی بەدرێژای ماویە توێژینەوەکە هەژموونی بەسەر تەواوی شارەکانی دیکەی ناوچەی توێژینەوەدا هەبووە، بە جۆرێک بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگی شارنشینی لەسەر ئاستی ناوچەی توێژینەوە پێویست بووە، کە (95119، 174843، 326135، 382827) کەس لە ساڵەکانی (1977، 1987، 2002، 2023ز) بە دوای یەکدا لە دانیشتوانەکەی بەسەر شارەکانی دیکەدا دابەش بکەین بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگی شارنشینی لەسەر ئاستی ناوچەی توێژینەوە بڕوانە پاشکۆی (2)، چونکە بەشی هەرە زۆری شارەکانی دیکە بەدرێژایی ماوەی توێژینەوەکە ژمارەی دانیشتوانە نموونەییان لە ڕاستەقینەکەیان زیاتر بووە.

3. سەرەڕای ئەوەی بە درێژایی ماوەی لێکۆڵینەوەکە لە چەماوەی دابەشبوونی شارەکاندا بۆشایەکی گەورە لە نێوان شاری یەکەمو شارەکانی دیکەدا هەبووە ، بەڵام ڕێژەکە لە نێوان شارەکاندا جیاواز بووە، بەجۆرێک ڕێژەی لادانی شاری دووەم لە یاسای قەبارە بریتییە لە (37.3، 32.6، 40.2، 36.4 ٪) لە ساڵەکانی (1977، 1987، 2002،2023) بەدوای یەکدا. بەڵام لە شاری سێیەمەوە بۆ شاری دەیەم ڕێژەی لادانە لە یاسای قەبارە کەمتر دەبێتەوە، بەجۆرێک شاری دەیەم بەدرێژای ماوەی توێژینەوەکە ڕێژەی لادانی (5.5، 7.4، 6.8، 3.3٪) بووە لە ساڵەکانی (1977، 1987، 2002، 2023) بەدوای یەکدا. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی جێبەجێکردنی یاساکە لە ناوچەی توێژینەوە لە دوای شاری دووەمەوە سەقامگیرترە، واتە شارە مامناوەندەکان تارادەیەک قەبارەیان لەیەکەوە نزیکەو گونجاوترن بە گوێرەی یاساکە.

4. دۆخی سیستەمی شارنشینی بە تێپەڕبوونی کات لە دوای شاری پێنجەمەوە بۆ شاری دەیەم بە گوێرەی یاسای قەبارەی زیف بەردەوام بەرەو باشتر ڕۆیشتووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ گەشەی شارە قەبارە مامناوەندەکانی ناوچەی توێژینەوە، بە جۆرێک ڕێژەی لادانیان لە یاسای قەبارەی زیف لەنێوان ساڵانی (1977-2023) لە (14.6، 11.4، 9.3، 7.6، 6.2، 5٪)وە دادەبەزێت بۆ (10.4، 7.6، 6.4، 4.9، 4.4، 3.3٪)، ئەمەش ئاماژەیەکی روونە بۆ گەشەی ئەم شارانە لەو ماوەیەدا.


5. بەدرێژایی ماوەی توێژینەوەکە لاربوونەوەیەکی توندی چەماوەیی دابەشبوونەکە لە شارەکانی خوارەوەی دابەشبوونی وێنەی بەیانی دابەشبوونی شارەکانی ناوچەی توێژینەوەدا دەبینرێت، بە جۆرێک بە تەواوی نزیکدەبنەوە لە تەوەری ئاسۆیی دابەشبوونی ڕیزبەندیی شارەکان، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ئەم شارە بچووکانە لەسەر بنەمایەکی کارگێری دروستدەبن، بەبێ ئەوەی لایەنی خزمەتگوزاریی‌و بنەماکانی بوون بە شاریان تێدا لەبەرچاوبگیرێت.

خشتەی (5) قەبارەی دە شاری یەکەم بە گوێرەی شاری یەکەم بەرێژەی سەدی لە ناوچەی توێژینەوەدا لە (1977 -2023)

| ژ | شار | ریزبەندی قەبارەی بەگوێرەی زیپف | 1977 | | 1987 | | 2002 | | 2023 | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | شار | ڕێژەی لادان | شار | ڕێژەی لادان | شار | ڕێژەی لادان | شار | ڕێژەی لادان |
| .1 | یەکەم | 100 | سلیمانی 100 | 0 | سلیمانی 100 | 0 | سلیمانی 100 | 0.0 | سلیمانی 100 | 0.0 |
| .2 | دووەم | 50 | هەڵەبجە 12.7 | 37.2 | کەلار 17.33 | 32.7 | رانیە 9.80 | 40.2 | رانیە 13.60 | 36.4 |
| .3 | سێیەم | 33 | قەلادزێ 7.8 | 25.5 | چەمچەما ل 13.82 | 19.5 | قەڵادزێ 7.82 | 25.5 | قەڵادزێ 10.93 | 22.4 |
| .4 | چوارەم | 25 | چەمچەماڵ 7.65 | 17.4 | رانیە 13.73 | 11.3 | هەڵەبجە 7.55 | 17.5 | بەکرەجۆ 10.56 | 14.4 |
| .5 | پێنجەم | 20 | دەربەندیخا ن5.39 | 14.6 | هەڵەبجە 10.18 | 9.8 | شارەزوور 5.40 | 14.6 | چەمچەماڵ 9.65 | 10.4 |
| .6 | شەشەم | 16 | کەلار 5.29 | 11.4 | شارەزوور 7.19 | 9.5 | حاجی ئاوا 5.35 | 11.4 | سەید سادق 9.11 | 7.6 |
| .7 | حەوتەم | 14 | بەکرەجۆ 4.98 | 9.3 | دەربەندی خان 4.22 | 10.1 | سەید سادق 5.32 | 9.0 | حاجیاوا 7.94 | 6.4 |
| .8 | هەشتەم | 12 | رانیە 4.90 | 7.6 | قەلادزێ 3.98 | 8.5 | بەکرەجۆ 5.23 | 7.3 | شۆڕش 7.63 | 4.9 |
| .9 | نۆیەم | 11 | پێنجوێن 4.88 | 6.2 | سیروان 3.27 | 7.8 | چوار قورنە 4.98 | 6.1 | دەربەندیخا ن 6.72 | 4.4 |
| .10 | دەیەم | 10 | ن. رانیە 4.52 | 5.5 | زەراینە 2.57 | 7.4 | پیرەمەگرون 3.20 | 6.8 | چوارقورنە 6.70 | 3.3 |


سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە پاشکۆی (2)

شێوەی (3) ژمارەی راستەقینەو نموونەیی دانیشتووانی ناوچەی توێژینەوە بەگوێرەی یاسای زیف لە ساڵی (1977)





سەرچاوە: پاشکۆی (2).

شێوەی (4) ژمارەی راستەقینەو نموونەیی دانیشتووانی ناوچەی توێژینەوە بەگوێرەی یاسای زیف لە ساڵی (1987)





سەرچاوە: پاشکۆی (2).

شێوەی (5) ژمارەی راستەقینەو نموونەیی دانیشتووانی ناوچەی توێژینەوە بەگوێرەی یاسای زیف لە ساڵی (2002)




سەرچاوە: پاشکۆی (2).

شێوەی (6) ژمارەی راستەقینەو نموونەیی دانیشتووانی ناوچەی توێژینەوە بەگوێرەی یاسای زیف لە ساڵی (2023)




سەرچاوە: پاشکۆی (2).

6. هەڵکشانو داکشان لە سیستەمی شارنشینیی ناوچەی توێژینەوە بەگوێرەی یاسای زیف لە ماوەی توێژینەوەکەدا بەرچاو دەکەوێ، بەجۆرێک لە ساڵی (1987ز) دەگات بە باشترین ئاستو سەقامگیرتر لە چاو ساڵەکانی دیکەی توێژینەوەکەدا، چونکە ڕێژەی لادانەکان بەگوێرەی یاساکە لە بەشی هەرە زۆر شارەکان دادەبەزێت بۆ نزمترین ئاستی ماوەی توێژینەوەکە، بەڵام لە ساڵی (2002) خراپترین ئاستی ماوەی توێژینەوەکە تۆمارکردووەو لە ساڵی (2023ز)یش بارودۆخی سیستەمی شارنشینی باشتر دەبێت لە ساڵەکانی (1977، 2002).

7. بەدرێژایی ماوەی توێژینەوەکە جگە لەشاری سلێمانی، وەکو لە پێشتردا ئاماژەمان پێکرد شارەکانی دیکە بە بەردەوامی ژمارەی دانیشتوانی ڕاستەقینەیان لە دانیشتوانە نموونەییەکانیان کەمتر بووە، تەنها لە چەند حاڵەتێکی کەمدا نەبێت، ئەوانیش لە ساڵی (1977) شاری شارەزوور کە پلەی پانزەهەمی شارەکانی ناوچەی توێژینەوەی گرتووەو (595) کەس ژمارەی دانیشتوانی ڕاستەقینەی لە نموونەی زیاترەو پاشانیش هەمان حاڵەت لە ساڵی (1987) بۆ شاری ڕانیەی پلەی پێنجەمی ئەو ساڵە ڕاستە، کە (2627) کەس لە دانیشتوانی ڕاستەقینەی لە نموونەیی زیاترە، هەروەها لە ساڵی (2023ز) شارەکانی پلەی (شەشەم- پانزەهەم) کە شارەکانی (سەید سادق، حاجی ئاوا، شۆڕش، دەربەندیخان، چوارقوڕنە، هەڵەبجەی تازە، بازیان، پیرەمەگرون، تەکیە، پێنجوێن) هەریەکەیان (4914، 5230، 9893، 8337، 12539، 15033، 10496، 1539، 3635، 1046) لە ژمارەی دانیشتوانی ڕاستەقینەیان لە دانیشتوانی نموونەییان زیاترە بەدوای یەکدا، بڕوانە پاشکۆکانی (2).

**ج. نیشاندەری هاوسەنگی شارنشینی:**

ئەم پێوەرە بۆ زانینی ڕادەی هاوسەنگی لەتۆڕی شارەکان بەکاردێت، کە پشت بە یاسای ڕیزبەندیی قەبارەی زیف دەبەستێت، ئەنجامەکەی بە هاوکێشەی تایبەت*** دەردەکرێت، تاوەکو ئەنجامەکەی لە (0)وە نزیك بێت ئاماژەیە بۆ زیاتر هاوسەنگی لە سیستەمی تۆڕی شارەکاندا، بەڵام تاوەکو لە (0) دوور بکەوێتەوەو لە (1) نزیك بێتەوە ئەوە ڕادەی ناهاوسەنگی لە سیستەمی تۆڕی شارەکان زیاد دەکات (عیاصرة ، 2014، ص 413).

لە خشتەی (6) و شێوەی (7) دەردەکەوێت، بە درێژایی ماوەی لێکۆڵینەوەکە هاوسەنگی لە سیستەمی تۆڕی شارەکانی ناوچەی توێژینەوەدا نەبووە، چونکە ئەنجامی هاوکێشەکە لە (0) زیاتر بووەو لە نێوان (0.52- 0.65) بووە، یان بەشێوەیەکی ووردتر دەتوانرێت تێبینی ئەم خاڵانە بکرێت:

1. لە ساڵەکانی (1977، 2002) هاوکێشەی هاوسەنگی شارنشینی بەرزترین ئاست تۆماردەکات، بە جۆرێك ئەنجامی هاوکێشەکە(0.59-0.65) بەدوای یەکدا، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گەورەیی هەژموونی شاری یەکەم لەو ماوەیەدا بەهۆی بوونی خزمەتگوزاریو چالاکی ئابووری زۆرەوە، بەردەوام شارێکی گەورەی ڕاکێشەری دانیشتوان بووە، بۆیە قەبارەی زۆر گەورە بووە، بەجۆرێك بە تەنها (53.8-57.3٪) دانیشتوانی شارنشینی ناوچەی توێژینەوەی تێدا کۆ بۆتەوە بەدوای یەکدا.

2. دابەزینی ئەنجامەکان لە ساڵەکانی (1987، 2023) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە ساڵی (1987) بارودۆخێکی تایبەت لە ناوچەی توێژینەوەدا دروستدەبێت، بە هۆی کاریگەریی هۆکارە سیاسییەکانەوە، کە چەندین ئۆردووگا دروستدەکرێتو دانیشتوانی گوندەکان تێدا کۆدەکرێتەوەو بە شارنشین هەژماردەکرێن، بەمەش شارەکانی دیکە تا ڕادەیەک ژمارەی دانیشتوانیان زیاتردەبێت لە چاو ماوەکانی دیکەی توێژینەوەکە. لە ساڵی (2023) ژمارەی شارەکان بەرزدەبنەوە بۆ (45) شار، کە چەند شارێکیان قەبارە مامناوەندن، بەمەش جۆرێک لە هاوسەنگی دروست دەکەنو هەژمونی شاری یەکەم تا ڕادەیەک کەم دەکەنەوە بە جۆرێک ڕێژەی بەشداریی شاری یەکەم لە دانیشتوانی شارنشین دادەبەزێت بۆ تەنها (44.7) دانیشتوانی شارنیشین.

**د. ڕێبەری پێشەنگی شاری یەکەم (پێوەری کریستالر):**

کریستالر هەوڵی دانانی بنەڕەتێکی داوە بۆ جیاکاری لە نێوان شارەکاندا، چونکە پێی وابوو شارەکان لە رووی ئەرکو دوورییو ژمارەو پلەوە لە یەکتر جیاوازن، بەجۆرێک ئەو شارانەی خزمەتگوزاریو چالاکی ئابوورییان تێدا فەراهەمە، خێراتر گەشە دەکەن، بەمەش هاوسەنگی سیستەمی شارنشینی تێکدەچێتو شارێک یان چەند شارێک هەژموونیان بەسەر شارەکانی دیکەدا دەبێت، بۆیە ئەم پێوەرە بە یەکێک لە پێوەرە گرنگو سادەکان دادەنرێت، کە تێیدا پێوانەی هەژمونی شارنشینی دەکرێت، بەدابەشکردنی کۆی دانیشتوانی شاری یەکەم بەسەر ژمارەی دانیشتوانی سێ شاری دوای خۆیدا (عطوي، 2002، صفحة 56). ئەگەر ئەنجامی هاوکێشەکە یەک زیاتر بۆ ئەوە ئاماژەیە بۆ گەورەییو هەژموونی شاری یەکەم بە سەر شارەکانی دیکەدا، بەڵام ئەگەر یەک کەمتر بوو ئەوە بە پێچەوانەوە ڕاستە واتە هەژموونی شاری یەکەم کەمتر دەبێتەوە، بەڵام تاوەکو لە یەک زیاتر بێت ئەوە هەژموونی شاری یەکەم زیاتر دەبێت (ابوعيانة، 1986، ص 123).

لە خشتەی (7)و شێوەی (8) دەردەکەوێت، بە درێژایی ماوەی لێکۆڵینەوەکە شاری سلێمانی هەژموونی بەسەر سێ شاری دوای خۆیدا هەبووە، بەڵام پلەی هەژموونەکەی بە هۆی ئەو بارودۆخە سیاسیو ئابووریو کارگێڕیانەی ناوچەی توێژینەوە پێیدا تێپەڕیوە گۆڕانی بە سەردا هاتووە، بە جۆرێك لە نێوان (2.2-3.9) بووە، بەم جۆرەی خوارەوە:

1. ساڵی (1977) دەرئەنجامی پێوەرەکە (3.5) بووە، ئەمەش ئاماژە بۆ هەژموونێکی گەورە شاری یەکەم بەسەر سێ شاری دوای خۆیدا.


2. ساڵی (1987) ئەنجامی پێوەرەکە دادەبەزێت بۆ (2.2)، کە کەمترین ئەنجامە بە درێژای ماوەی توێژینەوەکە، چونکە لەم ماوەیەدا ناوچەی توێژینەوە بە بارودۆخێکی سیاسیو ئاسایشی تایبەتیدا تێدەپەڕێو چەند شارێکی ناوچەی توێژینەوەو بەشێکی هەرە زۆری گوندەکانی ناوچەی توێژینەوە رووخێنرانو دانیشتوانیان لە شارەکاندا کۆکرانەوە، بەمەش دوو شاری گەورەی (کەلار، چەمچەماڵ)گەشەیەکی گەورەیان کرد، بە تایبەتی شاری کەلار لە ئەنجامی رووخاندنی بەشێکی زۆری گوندەکانی سنوری خانقینو کوکردنەوەی دانیشتوانەکەی لە کەلاردا وایکرد، ڕێژەی گەشەی ساڵانەی لە ساڵی (1987) دا بگاتە (21٪)، ئەمەش کاریگەریی گەورەی لەسەر کەمبوونەوەی هەژموونی شاری یەکەم دروستکرد.

خشتەی (6) ئەنجامی نیشاندەری هاوسەنگی شارنشینی لە ناوچەی توێژینەوە لە (1977-2023)

| ژ | ساڵەکان | 1977 | 1987 | 2002 | 2023 |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ئەنجامی نیشاندەری هاوسەنگی | 0.59 | 0.52 | 0.65 | 0.52 |

سەرچاوە: پاشکۆی (2).

شێوەی(7) ئەنجامی نیشاندەری هاوسەنگی شارنشینی لە ناوچەی توێژینەوە لە (1977-2023)





سەرچاوە: خشتەی (6).

خشتەی (7) ئاماژەی هەژموونی شارنشینی بەگوێرەی یاسای کریستالر لە (1977-2023)

| ژ | ساڵ | دانیشتووانی شاری 2 | دانیشتووانی شاری 3 | دانیشتووانی شاری 4 | کۆی دانیشتووانی شارەکانی (2+3+4) | دانیشتووانی شاری1 | ئاماژەی هەژموون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 1977 | 22411 | 13686 | 13424 | 49521 | 175413 | 3.5 |
| | 1987 | 63102 | 50300 | 49989 | 163391 | 364096 | 2.2 |
| | 2002 | 55756 | 44504 | 42943 | 143203 | 569123 | 3.9 |
| | 2023 | 105997 | 85206 | 82317 | 273520 | 779446 | 2.8 |

سەرچاوە: پاشکۆی ژمارە (1).

شێوەی (8) ئاماژەی هەژموونی شارنشینی بەگوێرەی یاسای کریستالر لە (1977-2023)




سەرچاوە: خشتەی (7).

3. لە ساڵەکانی (2002، 2023) جارێکی دیکە ئەنجامی هاوکێشەکە بەرزدەبێتەوە، چونکە شارەکانی (کەلار، چەمچەماڵ)، کە لە ساڵی (1987) کاریگەرییان لەسەر کەمبوونەوەی هەژموونی شاری یەکەم دروستکردبوو لەسەر ناوچەی توێژینەوە لادەبرێن، بەمەش جارێکی دیکە ئەنجامی هاوکێشەکە بەرز دەبێتەوە بۆ سەرووری (3)و دەبێت بە (3.9) واتە بەرزترین پلەی هەژموونی شارنیشنی بەدرێژای ماوەی توێژینەوەکە، بەڵام

لە ساڵی (2023ز) جارێکی دیکە ئەنجامی هاوکێشەکە دادەبەزێتەوە بۆ (2.8) ئەمەش ئاماژەیە بۆ دەرکەوتنی شاری قەبارە مامناوەند لەم ساڵەدا بەتایبەت رانیەو قەڵادزێ، لەگەڵ ئەوەشدا شاری سلێمانی هەژموونی گەورەی هەبووە لە نێو سیستەمی شارنشینی ناوچەی توێژینەوەدا.

**هـ. پێوەری نزیکبوونەوەی قەبارە:**

ئەم پێوەرە ئاماژە بە جیاوازیی قەبارەی لە نێوان شاری یەکەمو شارەکانی دیکەدا دەکات، لەسەر ئاستی وڵاتو هەرێمەکان، تا شارەکان قەبارەیان لە یەکتر نزیکبێت هەژموونی شاری یەکەم کەمتر دەبێتو بەپێچەوانەشەوە راستە، ئەمەش بەندە لەسەر پشکی شاری یەکەم لەو هەرێمو وڵاتە لە کۆی گشتی دانیشتوانی شارنیشین (عبدالعال، 2005، ص 10). ئەم پێوەرە بە هاوکێشەی تایبەت*** ئەنجامەکەی دەدۆزرێتەوە بە پشتبەستن بە رێژەی سەدیی شارەکانی دیکە لە شاری یەکەم، هەوڵدەدات ئەو بۆشاییە بدۆزێتەوە کە دەکەوێتە نێوان شاری یەکەمو شارەکانی دیکە، بەجۆرێک تاوەکو ئەنجامی هاوکێشەکە گەورەتر بێت بۆشایی گەورەتر لە نێوان قەبارەی شارەکاندا دەبێت.

لە خشتەی (8)و شێوەی (9) دەردەکەوێت بە درێژایی ماوەی لێکۆڵینەوەکە جیاوازی گەورە لە نێوان قەبارەی شارەکاندا بەرچاوە دەکەوێت، چونکە ئەنجامی هاوکێشەکە لە نێوان (55.6 -113.9) بووە، یان بەشێوەیەکی ووردتر دەتوانرێت تێبینی ئەم خاڵانە بکرێت:


1. بەرزبوونەوەی بەهای نزیکبوونەوەی قەبارەی لە ساڵی (1987) بۆ (113.9) دەگەرێتەوە بۆ کەمبوونەوەی ژمارەی شارەکانی ناوچەی توێژینەوە لە ئەنجامی ئەو سیاسەتەی حکومەتی عێراق پیادەیدەکرد، لەوکاتەدا بەوەی ژمارەیەک شاری رووخاندو پلەی کارگێری لە هەندێک شار وەرگرتەوە بە جۆرێک ژمارەی شارەکانی ناوچەی توێژینەوە لە نێوان ساڵانی (1977-1987ز) لە (32) شارەوە دابەزی بۆ تەنها (20) شار.
2. دابەزینی بەهای لە یەکنزیکبوونەوەی قەبارەی لە ساڵی (2002) بۆ (55.6) دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی لە دوای راپەرینی ساڵی (1991ز) شارە خاپوورکراوەکان ئاوەدانکرانەوەو بەشێکی دانیشتوانەکانیان گەڕانەوە، هەروها ئەو شارانەی پلەی کارگێریان لێسەنرابوویەوە جارێکی دیکە پێیان بەخشرایەوەو چەند شارێکی نوێ دروستکرانو بەمەش ژمارەی شارەکانی ناوچەی توێژینەوە بوون بە (33) شار. لە ساڵی (2023ز) جارێکی دیکە بەهای لە یەکنزیکبوونەوەی قەبارەی بەرز دەبێتەوە بۆ (67.6)، چونکە لەم ماوەیەدا ژمارەی شارەکان زیاددەکات بۆ (45) شار، کە بەشێکی زۆر ئەو شارانەی دروستکران بنەمای بوون بە شاریان نییەو قەبارەیان زۆر بچووکە، تەنها لە چوارچێوەی بریارە کارگێرییەکاندا بۆ دروستکردنی بنکەیەکی خزمەتگوزاری بۆ لادییەکانی دەوروبەریان دروستکراون بەمەش جیاوازییەکی گەورەی قەبارەی دروستکردووە لە سیستەمی شارنشینی ناوچەی توێژینەوەدا.

خشتەی (8) ئەنجامی نزیکبوونەوەی قەبارەی شارەکانی دیکە لە شاری یەکەم لە (1977-2023)

| ژ | ساڵەکان | 1977 | 1987 | 2002 | 2023 |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | نزیکبوونەوەی قەبارەی شارەکانی دیکە لە شاری یەکەم | 66.3 | 113.9 | 55.6 | 67.6 |

سەرچاوە: پاشکۆی ژمارە (1).

شێوەی (9) ئەنجامی نزیکبوونەوەی قەبارەی شارەکانی دیکە لە شاری یەکەم لە (1977-2023)




سەرچاوە: خشتەی (8).

**و. ناوەندی قەبارەی شارەکانی دیکە لە شاری یەکەم:**

ئەم پێوەرەش یەکێکە لە پێوەرە گرنگەکان پلەی هەژموونی شاری یەکەم بەسەر شارەکانی دیکەدا دیاریدەکات، کە رەنگدانەوەی رادەی پشکی شاری یەکەمە لە دانیشتوانی شارنشین لە لایەکو بری ئەو جیاوازییە قەبارەییەی لە دانیشتوانی شارەکانی دیکەدا هەیە لە لایەکی دیکەوە (العيداني، 2018، ص 171). ئەمەش لەسەر ژمارەی شارەکانی ناوچەی توێژینەوە دەوەستێتەوە، چونکە تاوەکو ژمارەی دانیشتوانی بەسەر ژمارەیەکی زیاتری شاردا دابەشبێن، ئەوە دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی بەشی شارەکان لە دانیشتووان. ئەنجامی ئەم پێوەرە بەهاوکێشەی تایبەت**** دەردەکرێت، ئەنجامی هاوکێشەکە لە نێوان (0-100) دایە، تاوەکو ئەنجامەکەی لە سفرەوە نزیکبێت پلەی هەژموونی شاری یەکەم زیاترەو بەپێچەوانەشەوە راستە (عزيز، 2022، ص 59).

له خشته‌ی (9)و شێوه‌ی (14) ده‌رده‌که‌وێت به‌ درێژایی ماوه‌ی لێکۆڵینه‌وه‌که‌ شاری سلێمانی هه‌ژموونی به‌سه‌ر شاره‌کانی دیکه‌دا هه‌بووه‌و جیاوازییه‌کی گه‌وره‌ له‌ نێوان قه‌باره‌ی شاره‌کاندا به‌رچاوه‌ ده‌که‌وێت، چونکه‌ ئه‌نجامی هاوکێشه‌که‌ له‌ نێوان (2.33 -4.5) بووه‌، یان به‌شێوه‌یه‌کی ده‌توانرێت تێبینی ئه‌م خالانه‌ بکرێت:

1. گه‌وره‌ترین گۆڕانکاریی له‌ قه‌باره‌ی هه‌ژموونی شاری سلێمانی به‌سه‌ر شاره‌کانی دیکه‌دا ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ بۆ قۆناغی (1977-1987) به‌جۆرێک ئه‌نجامی هاوکێشه‌که‌ له‌ (2.76)وه‌ به‌رزبوویه‌وه‌ بۆ (4.5)، واته‌ شاری سلێمانی له‌و قۆناغه‌دا به‌ رێژه‌ی (38.6%) هه‌ژموونی خۆی به‌سه‌ر شاره‌کانی دیکه‌دا له‌ ده‌ستداوه‌، چونکه‌ وه‌کو پێشتر ئاماژه‌مان پێداوه‌ به‌شێکی زۆر له‌ شاره‌کانی ناوچه‌ی توێژینه‌وه‌ رووخێنران‌و چه‌ند ئۆردوگایه‌ك دروستکران‌و دانیشتوانی شارو گونده‌ رووخاوه‌کانی تێدا کۆکرانه‌وه‌و به‌ شارنشین له‌قه‌ڵه‌مدران ، ئه‌مه‌ش وایکرد ژماره‌ی دانیشتوانی شاره‌کان زیاد بکه‌ن له‌ چاو قۆناغی پێشوودا.


2. قۆناغی (2002-2023) ئه‌نجامی هاوکێشه‌که‌ ئاسایی ده‌بێته‌وه‌و ئه‌نجامه‌که‌ ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ بۆ (2.33، 2.80) به‌دوای یه‌کدا، واته‌ بارودۆخی شارنشینی ناوچه‌ی توێژینه‌وه‌ ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ بارودۆخی ئاسایی خۆی، به‌جورێک بڕی جیاوازیی ناوه‌ندی قه‌باره‌ی شاره‌کان له‌ نێوان سه‌ره‌تاو کۆتای توێژینه‌وه‌که‌ ته‌نها (1.4%) بووه‌، ئه‌مه‌ش ئاماژه‌یه‌کی روونه‌ به‌درێژایی ماوه‌ی توێژینه‌وه‌که‌ شاری سلێمانی هه‌ژموونی ته‌واوی به‌سه‌ر ته‌واوی شاره‌کانی ناوچه‌ی توێژینه‌وه‌دا هه‌بووه‌.

خشته‌ی (9) ئه‌نجامی ناوه‌ندی قه‌باره‌ی شاره‌کانی دیکه‌ له‌ شاری یه‌که‌م له‌ (1977-2023)

| ژ | ساڵه‌کان | 1977 | 1987 | 2002 | 2023 |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ناوه‌ندی قه‌باره‌ی شاره‌کانی دیکه‌ له‌ شاری یه‌که‌م | 2.76 | 4.5 | 2.33 | 2.80 |

سه‌رچاوه‌: پاشکۆی ژماره‌ (1).

شێوه‌ی (14) ئه‌نجامی ناوه‌ندی قه‌باره‌ی شاره‌کانی دیکه‌ له‌ شاری یه‌که‌م له‌ (1977-2023ز)




سه‌رچاوه‌: خشته‌ی (9).

**ی. پێوه‌ری پله‌ی هه‌ژموونی شاری یه‌که‌م:**

ئه‌م پێوه‌ره‌ش به‌ هه‌مان شێوه‌ی پێوه‌ره‌کانی دیکه‌ ئاماژه‌ به‌ پله‌ی هه‌ژموونی شاری یه‌که‌م ده‌کات، ئه‌نجامه‌که‌ی به‌ هاوکێشه‌ی تایبه‌ت****** ده‌رده‌کرێت به‌ پشتبه‌ستن به‌ کۆی رێژه‌ی سه‌دیی شاره‌کانی دوای شاری یه‌که‌م، تاوه‌کو به‌های هاوکێشه‌ی ئه‌م پێوه‌ره‌ به‌رز بێت ئاماژه‌یه‌ بۆ هه‌ژموونی شاری یه‌که‌م له‌ سیسته‌می شارنشینیدا به‌ پێچه‌وانه‌شه‌وه‌ راسته‌ (سلیم و ئه‌وانی تر، 2014، ص166).

له‌ خشته‌ی (10)و شێوه‌ی (11) ده‌رده‌که‌وێت به‌ درێژایی ماوه‌ی توێژینه‌وه‌که‌ شاری سلێمانی هه‌ژموونی به‌سه‌ر شاره‌کانی دیکه‌دا هه‌بووه‌، چونکه‌ ئه‌نجامی هاوکێشه‌که‌ له‌ نێوان (88.89 -91.36) بووه‌، یان به‌شێوه‌یه‌کی ووردتر ده‌توانرێت تێبینی ئه‌م خالانه‌ بکرێت:

1. به‌رزترین به‌ های پێوه‌ره‌که‌ له‌ ساڵی (2002ز) بووه‌، که‌ بریتی بووه‌ له‌ (91.36)، هۆکاری ئه‌مه‌ش ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ بۆ ئه‌وه‌ی چه‌ند شارێکی قه‌باره‌ گه‌وره‌ی وه‌کو (که‌لار، چه‌مچه‌ماڵ، ده‌ربه‌ندیخان) له‌سه‌ر ناوچه‌ی توێژینه‌وه‌ لاده‌برێن‌و ده‌خرێنه‌ سه‌ر ئیداره‌ی که‌رکوک که‌ ناوه‌نده‌که‌ی له‌ ده‌ربه‌ندیخان بووه‌. به‌جۆرێک له‌و ماوه‌یه‌دا شاری سلێمانی به‌ ته‌نها (57.3٪) دانیشتوانی شارنشینی ناوچه‌ی توێژینه‌وه‌ی له‌ خۆگرتبوو.

2. نزمتری ئاستی به‌های پێوه‌ره‌که‌ له‌ ساڵی (2023ز) دا بووه‌، که‌ به‌هاکه‌ی دابه‌زیوه‌ بۆ (88.89) واته‌ به‌ جیاوازی (4.49) له‌گه‌ڵ ساڵی (2002ز). ئه‌مه‌ش له‌ ئه‌نجامی گه‌ڕانه‌وه‌ی چه‌مچه‌ماڵ‌و ده‌ربه‌ندیخان‌و زیادبوونی ژماره‌ی شاره‌کانی ناوچه‌ی توێژینه‌وه‌ بۆ (45) شارو گه‌وره‌بوونی قه‌باره‌ی شاره‌کانی دیکه‌، به‌ جۆرێک بۆ یه‌که‌مجار جگه‌ له‌ شاری سلێمانی شاری رانیه‌ش (100) هه‌زار که‌س تێده‌په‌ڕێنێ، هه‌موو ئه‌مانه‌ پێکه‌وه‌ وایانکرد بۆ یه‌که‌مجار رێژه‌ی شاری یه‌که‌م له‌ دانیشتوانی شارنیشنی ناوچه‌ی توێژینه‌وه‌ دابه‌زێت بۆ (44.7٪).

## ده‌رئه‌نجامه‌کان:


له‌دوای ئه‌نجامدانی ته‌واوی هه‌نگاو جێ به‌جێ کردنی ته‌واوی ئامرازه‌ ئاماری‌و کارتۆگرافیه‌کان، به‌گوێره‌ی میتۆده‌ به‌کارهاتووه‌کان، له‌ کۆتایدا توێژینه‌وه‌که‌ به‌ کۆمه‌ڵێ ده‌رئه‌نجام گه‌یشت:

خشتەی (10) پێوەری پلەی هەژموونی شاری یەکەم لە (1977-2024)

| ژ | ساڵەکان | 1977 | 1987 | 2002 | 2023 |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پلەی هەژموونی شاری یەکەم | 90.74 | 90.68 | 91.36 | 88.89 |

سەرچاوە: پاشکۆی ژمارە (1).

شێوەی (11) پێوەری پلەی هەژموونی شاری یەکەم لە (1977-2023ز)




سەرچاوە: خشتەی (10).

1. شاری سلێمانی بە بەردەوامی هەژموونێکی گەورەی بەسەر تەواوی شارەکانی ناوچەی توێژینەوەدا هەبووە، بۆیە بەبەردەوامی بەتەنها لە گەورەترنو کۆتا دەستەی قەبارەی شارەکانی ناوچەی توێژینەوە جێگیربووەو زیاتر لە نیوەی ڕێژەی قەبارەی دانیشتووانی ناوچەی توێژینەوە لە خۆگرتووە، جگە لە کۆتا ساڵ کە ڕێژەی بەشداری دابەزیوە بۆ (44.7٪) ڕێژەی قەبارەی دانیشتووانی شارەکانی ناوچەی توێژینەوە.

2. نزمبوونەوەی بەردەوامی ڕێژەی قەبارەی ئەو شارانەی دەستەی قەبارەیان بچووکەو ژمارەی دانیشتووانیان لە (10000) کەس کەمترە، کە ڕێژەیەیان لە نێوان ساڵانی (1977-2023) لە (31٪) دابەزیوە بۆ تەنها (2.2٪) ڕێژەی قەبارەی دانیشتووانی ناوچەی توێژینەوە، چونکە جیاوازییەکی گەورەی خزمەتگوزاری لە نێوان شارەکانی ناوچەی توێژینەوەدا دروست دەبێتو خزمەتگوزارییەکان لە سەنتەری قەزاکانو چەند شارێکی کەم کۆدەبنەوە، بەمەش دانیشتووان بەرەو ئەو شارانە کۆچ دەکەن.

3. بە درێژایی ماوەی توێژینەوەکە جیاوازییەکی گەورە لە دابەشبوونی شارەکاندا هەیە بەپێی دەستەکانی قەبارە، چونکە ئەنجامی هاوکۆلکەی جینی بۆ هەڵسەنگاندنی دابەشبوونی دانیشتووانی شارەکان زیاترە لە (0.5)، واتە دابەشبوونی شارەکان نموونەیی نییەو بەشێوەیەکی نارێك بەسەر دەستەکاندا دابەشبوون، بەجۆرێك دەبینین بەردەوام دەستەی کۆتایی کە بەدرێژای ماوەی توێژینەوەکە شاری سلێمانی تێدا بووە بەتەنها بەشێکی گەورەی دانیشتووانی ناوچەی توێژینەوەی لە خۆگرتووە، ئەمە جگە لەوەی بەبەردەوامی دوو دەستەی کۆتای هەرچەندە زیاتر لە نیوەی دانیشتووانیان تێدا کۆبۆتەوە بەڵام لە بەرامبەردا هیچ کات زیاتر لە (6٪) ژمارەی شارەکانیان پێك نەهێناوە جگە لە ساڵی (1987) کە ڕێژەکەی بەرز دەبێتەوە بۆ (15٪) بەهۆی روخاندنی (12) شاری ناوچەی توێژینەوە لە چوارچێوەی بڕیارە سیاسیەکانیدا، بۆیە ژمارەی شارەکان بەشێوەیەکی یەکسانو نموونەیی بەسەر تەواوی دەستەکاندا بڵاونەبوونەتەوە. بەڵکو ڕێژەی چڕبوونەوە بەدرێژایی ماوەی توێژینەوەکە زیاترە لە (70٪) لە نێوان هێڵی نموونەییو هێڵی دابەشبووندا، ئەمەش بەومانایەی (70٪) شارەکانی ناوچەی توێژینەوە بەگوێرەی قەبارەیان پێویست بووە لە نێو دەستە قەبارەیەکاندا دووبارە دابەش بکرێنەوە بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگی لە نێو دەستەکاندا.

4. بەدرێژایی ماوەی توێژینەوەکە دابەشبوونی قەبارەی شارەکانی ناوچەی توێژینەوە شێوەیەکی پلەبەندییان وەرنەگرتووە بەڵکو زیاتر شێوەیەکی هەرەمەکییان وەرگرتووە، چونکە لەگەڵ بنەماکانی هیچ یاسایەکی دابەشبوونی قەبارەی شارەکاندا یەکناگرنەوەو ڕێژیەکی گەورەی لادان لەنێوان شاری یەکەمو شارەکانی دیکەدا هەیە، ئەمەش ئاماژەیەکی روونە بۆ بوونی کەمووکورتی لە سیستەمەکەدا.

5. دابەشبوونی قەبارەی شارەکان لە دوای شاری پێنجەمەوە بۆ دەیەم جۆرێك لە هاوسەنگی تێدایە بەبەراورد بە پێنج شاری یەکەم، بەڵام لاربوونەوەیەکی توندی چەماوەی دابەشبوونەکە لە شارەکانی خوارەوەی دابەشبوونی وێنەی بەیانی دابەشبوونی شارەکانی ناوچەی توێژینەوەدا دەبینرێت، بە جۆرێک بە تەواوی نزیک دەبنەوە لە تەوەری ئاسۆیی دابەشبوونی ڕیزبەندی شارەکان، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ئەم شارە بچووکانە لەسەر بنەمایەکی کارگێری دروست دەبن، بەبێ ئەوەی لایەنی خزمەتگوزاریو بنەماکانی بوون بە شاریان تێدا لەبەرچاو بگیرێت.

6. بەگوێرەی یاسای ڕیزبەندی قەبارەیی تەنها لە چەند حاڵەتێکی کەمدا نەبێت بەبەردەوامی ژمارەی دانیشتووانی نموونەیی لە دانیشتووانی ڕاستەقینە زیاتر بووە، ئەمەش بەهەمان شێوە سەلمێنەری ئەو ڕاستییە کە دابەشبوونی قەبارەی شارەکانی ناوچەی توێژینەوە بەردەوام لە بارێکی ناهاسەنگی گەورەدا بووە.

## پێشنیارەکان:

لەسەر بنەمای ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە دەتوانرێ ئەم پێشنیازانە بخرێتەڕوو:

1. هاندانو ئاسانکاری بۆ کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتو حکومی بۆ وەبەرهێنان لە شارە بچووكو مام ناوەندەکان بۆ ڕاکێشانی دانیشتووان بۆ ئەو شارانەو کەمکردنەوەی پەستان لەسەر شارە گەورەکان بەتایبەت شاری سلێمانی.
2. دانانی کۆتو بەندێکی زۆر لەسەر کۆچکردن بۆ شاری سلێمانی لەبەرامبەردا هاندانەو ئاسانکاری بۆ ڕاکێشانی دانیشتووان بەرەو شارە بچووكو مام ناوەندەکان.
3. چڕکردنەوەی زیاتری پرۆژە خزمەتگوزارییە حکومیەکان لە شارە بچووكو مام ناوەندەکان لە باتی ئەوەی زیاتر جەخت لەسەر شارە گەورەکان بکەنەوە.
4. سوود وەرگرتن لە ژینگەی سروشتی جوانی شارە بچووکەکانی وەکو (هەڵشۆ، هێرۆ، باسنێ، گاپیلۆن، قەرەداغ، سیتەك، هتد) بۆ دروستکردنی پرۆژەی گەشتیاری بۆ ڕەخساندنی هەلی کارو ڕاکێشانی دانیشتووان بۆیان.
5. دامەزراندنو پەرەپێدانی ناوچەی پیشەسازیی کشتوکاڵی لە دەرەوەی سەنتەری پارێزگا، بەتایبەت لە دەشتی بەپیتی شارەزوور و ناوچەکانی باکوری ناوچەی لێکۆڵینەوەدا (بەهۆی بوونی کەرەسەی خاوی کشتوکاڵی و ئاویی). ئەم هەنگاوە جگە لەوەی دەبێتە هۆی بوژانەوەی ئابووریی ئەو ناوچانە و ڕەخساندنی هەلی کار، فاکتەرێکی سەرەکییش دەبێت بۆ جێگیرکردنی دانیشتووان لە شوێنەکانی خۆیان و بەدیهێنانی هاوسەنگیی شارنشینی لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا.

## هێماو تێبینیەکان:

* هاوکێشەی هاوکۆلکەی جینی

$$G = 1 - \frac{1}{10000} \sum_{i=I}^{n} (si + si - 1)\, w_i$$

G= هاوکێشەی جینی

SI= کۆکراوەی سەر بەرەوژووری شار

SI-1= کۆکراوەی سەر بەرەوژووری شار بە لێدەرکردنی یەکەم ژمارەی

WI= ڕێژەی سەدی دانیشتووان

سەرچاوە: (عیاصرة، 2016، ص585)

** سەبارەت بە دیاریکردنی قەبارەی نموونەی شاری یەکەم هەر یەکە لە (Gibbs ،Browing) پێیان وایە کە جێبەجێکردنی یاسای زیف بەم شێوەیە دەبێتە هۆی هەڵاوسانی قەبارەی نموونەی شارەکان، بەجۆرێک جیاوازییەکی گەورە دەکەوێتە نێوان قەبارەی ڕاستەقینەو نموونەی شارەکان، بۆیە ئەم دوو توێژەرە هەڵسان بە دەستکاری کردنو ڕاستکردنەوەی یاساکە بە شێوەیەک زیاتر گونجاو بێت لە دیاریکردنی قەبارەی نموونەیی شارەکان بە تایبەتی شاری یەکەم ئەگەر ئەنجامێکی وردتر دەبەخشێت لە وەسفکردنی سیستەمی شارنشینیدا، ئەویش لە ڕێگەی دابەشکردنی کۆی گشتیی ژمارەی دانیشتووانی شارەکان بە سەر کۆی گشتی بەهای هەڵگەڕاوەی پلەی قەبارەی شارەکان کە دەرئەنجامەکەی بریتییە لە قەبارەی نموونەری شاری یەکەم.

سەرچاوە: (عزيز، 2022، ص 52)

*** هاوکێشەی نیشاندەری هاوسەنگی:

جیاوازی ئەرێنی لە قەبارەی دانیشتووانی نموونەیی‌و ڕاستەقینەی شارەکان لە یاسای قەبارەی زیبف+ جیاوازی نەرێنی لە قەبارەی دانیشتووانی نموونەیی‌و ڕاستەقینەی شارەکان لە یاسای قەبارەی زیبف/کۆی دانیشتووانی شارنیشین.

سەرچاوە: (الموسوي، 2018، ص 175)

**** هاوکێشەی دۆزینەوەی ئەنجامی پێوەری نزیکبوونەوەی قەبارەیی

$$AP = 100 - \sqrt{\frac{\sum PC}{n} 100}$$

AP= نیشاندەری نزیکبوونەوەی قەبارەیی لە نێوان شاری یەکەمو شارەکانی دیکە

PC= کۆی ڕێژەی سەدی شارەکانی دیکە لە شاری یەکەم

N= ژمارەی شارەکانی دوای شاری یەکەم

سەرچاوە: (الخزاعي، 2018، ص 139)

***** هاوکێشەی دۆزینەوەی ئەنجامی پێوەری ناوەندی قەبارەی شارەکان لە شاری یەکەم

$$MP = \frac{\sum PC}{n}$$

AP= ئەنجامی ناوەندی قەبارەی شارەکانی دیکە لە شاری یەکەم
PC= کۆی رێژەی سەدی شارەکانی دیکە لە شاری یەکەم
N= ژمارەی شارەکانی دوای شاری یەکەم
سەرچاوە: (الخزاعي، 2018، ص 138)
****** هاوکێشەی دۆزینەوەی ئەنجامی پێوەری پلەی هەژموونی شاری یەکەم

$$DP = 100 - \sqrt{\sum PC}$$

AP= ئەنجامی پێوەری پلەی هەژموونی شاری یەکەم
PC= کۆی رێژەی سەدی شارەکانی دیکە لە شاری یەکەم
سەرچاوە: (العیداني، 2018، ص 165)

## لیستی سەرچاوەکان:


1. عزیز، امیر قادر ، (2022)، هاوسەنگی شوێنی وەزیفەکان لە نێوەندە شارنیشینیەکانی پارێزگای هەولێر، هەولێر، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین.
2. حداد، هاشم و ئەوانی دیکە، (2019)، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق و عێراق و جیهان، هەولێر، کۆمپانیای تێنوس.
3. سلیم، هیوا صادق و ئەوانی تر، (2014)، ئاراستەکانی بە شارستانی بوون و گردبوونەوەی شارنشینی لە پارێزگای هەولێر (توێژینەوەیەک لە جوگرافیای شار)، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (1).
4. بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، (2023)، داتای بڵاونەکراوە، سلێمانی، بەشی GIS.
5. اسماعیل، احمد علي، (1988)، دراسات في الجغرافیة المدن، القاهرة، دار الثقافة للنشر.
6. عبدالعال، احمد محمد، ( 2005)، هیمنة المدن المصریة، القاهرة، مكتبة النهضة العربیة.
7. الخزاعي، نور سكران، (2018)، الهیمنة الحضریة لمدینة السماوة علي المدن محافظة المثنی .رسالة الماجستیر: جامعة المثنی.
8. العیداني، ماجده عبدالله، (2018)، دراسة تحلیلیة للتراتب الحجمي للمراكز الحضریة وظاهرة المدینة المهیمنة في محافظة البصرة . رسالة دكتوراة: جامعة البصرة.
9. عیاصرة، ثائر، (2014)، ملامح الجغرافیة للنظام الحضري في الاردن، مجلة دراسات العلوم الانسانیة والاجتماعیة، المجلد 1 ، العدد (2).
10. حمدان، جمال، (1977)، جغرافیة المدن، القاهرة، عالم الكتب.
11. كوستیلو، د.ف، (1984)، الترجمه (رمضان عربي خلف الله)، التحضر في الشرق الاوسط، طرابلس، المنشاة العامة للنشر والتوزیع.
12. الهیتي، صبري فارس و واخرون، (1986)، جغرافیة المدن، بغداد، وزارة التعلیم العالي.
13. الخالدي، عادل ادریس فتح الله، (2020)، النظام الحضري في لیبیا (دراسة في الجغرافیة المدن)، بنغازي، دار البیان للنشر والتوزیع.
14. عطوي، عبدالله، (2002)، جغرافیة المدن، بیروت، دار النهضة العربیة.
15. ابوعیاش، عبدالله، (1983)، أزمة المدینة العربیة، الكویت، وكالة المطبوعات.
16. الشواورة، علي السالم، (2012)، التخطیط في العمران الریفي والحضري، عما: دار المسیرة.
17. عیاصرة, ثائر مطلق، (2016)، الخصائص المكانیة لتوزیع المراكز العمرانیة في محافظة جرش باستخدام نظم المعلومات الجغرافیة، مجلة دراسات العلوم الانسانیة المجلد (43) العدد (1).
18. ابوعیانة، فتحي محمد، (1986)، مشكلات السكان في الوطن العربي، اسكندریة، دار المعرفة الجامعیة.
19. الموسوي، محمد عرب، (2018)، جغرافیة المدن بین النظریة والتطبیق، عمان، دار الرضوان للنشر والتوزیع.
20. ابوشاور، منیر اسماعیل واخرون. (2011)، دراسات فی الجغرافیا الدیموغرافیة (السكانیة)، عمان، دار الاعصار العلمي للنشر والتوزیع.
21. الجابري، نزهة یقطان صالح، (2005)، تحلیل النظام الحضري بمنطقة مكة المكرمة الاداریة (دراسة في الجغرافیة العمران). رسالة دكتوراة: جامعة ام القری.


## پاشکۆکان:

پاشکۆی (1) ژمارەی دانیشتووانی شارەکانی پارێزگای سلێمانی (1977-2023)

| ژ | 1977 | | 1987 | | 2002 | | 2023 | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | شار | ژ. دانیشتووان | شار | ژ. دانیشتووان | شار | ژ. دانیشتووان | شار | ژ. دانیشتووان |
| 1. | سلیمانی | 175413 | سلێمانی | 364096 | سلێمانی | 569123 | سلێمانی | 779446 |
| 2. | بەکرەجۆ | 8737 | بەکرەجۆ | 7513 | بەکرەجۆ | 29773 | بازیان | 43548 |
| 3. | عەربەت | 3396 | عەربەت | 5245 | عەربەت | 13096 | بەکرەجۆ | 82317 |
| 4. | بازیان | 382 | بازیان | 2629 | بازیان | 12042 | عەربەت | 24405 |
| 5. | قەرداغ | 1363 | دوکان | 8207 | قەرداغ | 1400 | پێنجوێن | 27488 |
| 6. | دوکان | 3940 | سورداش | 253 | چوارتا | 2366 | گەرمك | 871 |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| .7 | سورداش | 403 | خەلکان | 4074 | ماوەت | 2500 | ناڵپارێز | 587 |
| .8 | خەلكان | 1449 | چوارتا | 1508 | بەرزنجە | 480 | چەمچەماڵ | 75207 |
| .9 | چوارتا | 2216 | بەرزنجە | 2152 | باسنێ | 180 | ئاغجەلەر | 2439 |
| .10 | ماوت | 2760 | هەڵەبجە | 37049 | هەڵەبجە | 42943 | تەکیە | 31965 |
| .11 | بەرزنجە | 1470 | سیروان | 11903 | خورمال | 8936 | تەکیەی جەباری | 500 |
| .12 | باسنێ | 1230 | سەید سادق | 26193 | سیروان | 5529 | سەنگاو | 1973 |
| .13 | هەڵەبجە | 22411 | دەربەندیخان | 15350 | بیارە | 4951 | شۆڕش | 59471 |
| .14 | خورمال | 2236 | زەرایەن | 9357 | شارەزوور | 30733 | قادر کەرەم | 846 |
| .15 | سیروان | 843 | پشدەر | 14487 | وارماوە | 11583 | دەربەندیخان | 52406 |
| .16 | بیارە | 6206 | سنگەسەر | 4447 | سیدصادق | 30282 | باوەخۆشێن | 709 |
| .17 | سەید سادق | 7895 | رانیە | 49989 | پێنجوێن | 13613 | دوکان | 11687 |
| .18 | دربندیخان | 9460 | چەمچەماڵ | 50300 | ناڵپارێز | 600 | بنگرد | 1416 |
| .19 | پێنجوێن | 8554 | کەلار | 63102 | گەرمك | 610 | پیرەمەگرون | 32049 |
| .20 | گەرمك | 383 | پێباز | 3026 | پشدر | 44504 | خەلەکان | 3404 |
| .21 | پشدەر | 13685 | کۆ | 680880 | هەڵشۆ | 3102 | خدران | 1429 |
| .22 | هێرۆ | 1815 | | | ژاراوە | 3775 | سورداش | 1455 |
| .23 | سنگەسەر | 3247 | | | هێرو | 932 | سەید سادق | 71018 |
| .24 | رانیە | 8594 | | | ناودشت | 7109 | بەرزنجە | 706 |
| .25 | ن.رانیة | 7932 | | | رانیە | 55756 | زەلان | 175 |
| .26 | بنگرد | 1399 | | | چوارقورنە | 28370 | سیتەك | 662 |
| .27 | سەروچاوە | 850 | | | حاجی ئاوا | 30458 | باسنێ | 207 |
| .28 | چەمچەماڵ | 13424 | | | سەروچاوە | 12154 | چوارتا | 6471 |
| .29 | ئاغجەلەر | 1239 | | | دوکان | 5910 | گاپیلۆن | 582 |
| .30 | سەنگاو | 2288 | | | سورداش | 18190 | رانیە | 105997 |
| .31 | کەلار | 9274 | | | خەلەکان | 17035 | سەروچاوە | 16637 |
| .32 | پێباز | 1379 | | | بنگرد | 910 | چوارقورنە | 52201 |
| .33 | کۆ | 325873 | | | خدران | 1380 | حاجیاوا | 61890 |
| .34 | | | | | کۆ | 1010325 | سەرکەپکان | 3246 |
| .35 | | | | | | | قەڵادزێ | 85206 |
| .36 | | | | | | | ژاراوە | 10409 |
| .37 | | | | | | | ئێسوێ | 824 |
| .38 | | | | | | | سەنگەسەر | 11480 |
| .39 | | | | | | | هەڵشۆ | 3359 |
| .40 | | | | | | | هێرۆ | 758 |
| .41 | | | | | | | هەڵەبجەی تازە | 51090 |
| .42 | | | | | | | زەڕایەن | 19351 |
| .43 | | | | | | | ماوەت | 1776 |
| .44 | | | | | | | قەرەداغ | 2458 |
| .45 | | | | | | | سێوسێنان | 996 |
| .46 | | | | | | | کۆ | 1743117 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:

1. (نتائج التعداد العام للسكان محافظة السليمانية لسنة 1977، 1978)
2. (نتائج التعداد العام للسكان محافظة السليمانية لسنة 1987، 1988)
3. (بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، 2023)

پاشکۆی (2) جێبەجێکردنی یاسای ریزبەندی قەبارەی زیپف بەسەر ناوچەی توێژینەوە (1977ز)

| ژ | شار | ژمارەی راستەقینەی دانیشتووان | پلە | بەهای هەڵگەڕاوەی پلەپەندی قەبارە | ڕێژەی ٪ دانیشتووانی شارەکان لە شاری یەکەم | یاسای پلەپەندی قەبارە*100 | ژمارەی نموونەیی دانیشتووان | جیاوازی نێوان نموونەیی و راستەقینە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1. | سلیمانی | 175413 | 1 | 1.0000 | 100 | 100 | 80294.0 | 95119.0 |
| 2. | هەڵەبجە | 22411 | 2 | 0.5000 | 12.78 | 50 | 40147.0 | 17736.0- |
| 3. | پشدەر | 13685 | 3 | 0.3333 | 7.80 | 33.3 | 26764.7 | 13079.7- |
| 4. | چەمچەماڵ | 13424 | 4 | 0.2500 | 7.65 | 25 | 20073.5 | 6649.5- |
| 5. | دربندیخان | 9460 | 5 | 0.2000 | 5.39 | 20 | 16058.8 | 6598.8- |
| 6. | کەلار | 9274 | 6 | 0.1667 | 5.29 | 16.7 | 13382.3 | 4108.3- |
| 7. | بەکرەجۆ | 8737 | 7 | 0.1429 | 4.98 | 14.3 | 11470.6 | 2733.6- |
| 8. | رانیە | 8594 | 8 | 0.1250 | 4.90 | 12.5 | 10036.8 | 1442.8- |
| 9. | پێنجوێن | 8554 | 9 | 0.1111 | 4.88 | 11.1 | 8921.6 | 367.6- |
| 10. | ن.رانیة | 7932 | 10 | 0.1000 | 4.52 | 10.0 | 8029.4 | 97.4- |
| 11. | شارەزوور | 7895 | 11 | 0.0909 | 4.50 | 9.1 | 7299.5 | 595.5 |
| 12. | بیارە | 6206 | 12 | 0.0833 | 3.54 | 8.3 | 6691.2 | 485.2- |
| 13. | دوکان | 3940 | 13 | 0.0769 | 2.25 | 7.7 | 6176.5 | 2236.5- |
| 14. | عەربەت | 3396 | 14 | 0.0714 | 1.94 | 7.1 | 5735.3 | 2339.3- |
| 15. | سنگەسەر | 3247 | 15 | 0.0667 | 1.85 | 6.7 | 5352.9 | 2105.9- |
| 16. | ماوت | 2760 | 16 | 0.0625 | 1.57 | 6.3 | 5018.4 | 2258.4- |
| 17. | سەنگاو | 2288 | 17 | 0.0588 | 1.30 | 5.9 | 4723.2 | 2435.2- |
| 18. | خورمال | 2236 | 18 | 0.0556 | 1.27 | 5.6 | 4460.8 | 2224.8- |
| 19. | چوارتا | 2216 | 19 | 0.0526 | 1.26 | 5.3 | 4226.0 | 2010.0- |
| 20. | هێرۆ | 1815 | 20 | 0.0500 | 1.03 | 5.0 | 4014.7 | 2199.7- |
| 21. | بەرزنجە | 1470 | 21 | 0.0476 | 0.84 | 4.8 | 3823.5 | 2353.5- |
| 22. | خەلکان | 1449 | 22 | 0.0455 | 0.83 | 4.5 | 3649.7 | 2200.7- |
| 23. | بنگرد | 1399 | 23 | 0.0435 | 0.80 | 4.3 | 3491.0 | 2092.0- |
| 24. | پێباز | 1379 | 24 | 0.0417 | 0.79 | 4.2 | 3345.6 | 1966.6- |
| 25. | قەرداغ | 1363 | 25 | 0.0400 | 0.78 | 4.0 | 3211.8 | 1848.8- |
| 26. | ئاغجەلەر | 1239 | 26 | 0.0385 | 0.71 | 3.8 | 3088.2 | 1849.2- |
| 27. | باسنێ | 1230 | 27 | 0.0370 | 0.70 | 3.7 | 2973.9 | 1743.9- |
| 28. | سەروچاوە | 850 | 28 | 0.0357 | 0.48 | 3.6 | 2867.6 | 2017.6- |
| 29. | سیروان | 843 | 29 | 0.0345 | 0.48 | 3.4 | 2768.8 | 1925.8- |
| 30. | سورداش | 403 | 30 | 0.0333 | 0.23 | 3.3 | 2676.5 | 2273.5- |
| 31. | گەرمك | 383 | 31 | 0.0323 | 0.22 | 3.2 | 2590.1 | 2207.1- |
| 32. | بازیان | 382 | 32 | 0.0313 | 0.22 | 3.1 | 2509.2 | 2127.2- |
| 33. | کۆ | 325873 | 33 | 4.0585 | | | 325873 | 0.0 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە پاشکۆی (1)

پاشکۆی (2) جێبەجێکردنی یاسای ریزبەندی قەبارەی زیبف بەسەر ناوچەی توێژینەوە (1987ز)

| ژ | شار | ژمارەی راستەقینەی دانیشتووان | پلە | یاسای پلەپەندی قەبارە | ڕێژەی ٪ دانیشتووانی شارەکان لە شاری یەکەم | یاسای پلەپەندی قەبارە*100 | ژمارەی نموونەیی دانیشتووان | جیاوازی نێوان نموونەیی و راستەقینە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1. | سلێمانی | 364096 | 1 | 1.0000 | 17.33 | 100 | 189252.2 | 174843.8 |
| 2. | کەلار | 63102 | 2 | 0.5000 | 13.82 | 50 | 94626.1 | 31524.1- |
| 3. | چەمچەماڵ | 50300 | 3 | 0.3333 | 13.73 | 33.3 | 63084.1 | 12784.1- |
| 4. | رانیە | 49989 | 4 | 0.2500 | 10.18 | 25 | 47313.0 | 2676.0 |
| 5. | هەڵەبجە | 37049 | 5 | 0.2000 | 7.19 | 20 | 37850.4 | 801.4- |
| 6. | شارەزوور | 26193 | 6 | 0.1667 | 4.22 | 16.7 | 31542.0 | 5349.0- |
| 7. | دەربەندیخان | 15350 | 7 | 0.1429 | 3.98 | 14.3 | 27036.0 | 11686.0- |
| 8. | پشدەر | 14487 | 8 | 0.1250 | 3.27 | 12.5 | 23656.5 | 9169.5- |
| 9. | سیروان | 11903 | 9 | 0.1111 | 2.57 | 11.1 | 21028.0 | 9125.0- |
| 10. | زەرایەن | 9357 | 10 | 0.1000 | 2.25 | 10.0 | 18925.2 | 9568.2- |
| 11. | دوکان | 8207 | 11 | 0.0909 | 2.06 | 9.1 | 17204.7 | 8997.7- |
| 12. | بەکرەجۆ | 7513 | 12 | 0.0833 | 1.44 | 8.3 | 15771.0 | 8258.0- |
| 13. | عەربەت | 5245 | 13 | 0.0769 | 1.22 | 7.7 | 14557.9 | 9312.9- |
| 14. | سنگەسەر | 4447 | 14 | 0.0714 | 1.12 | 7.1 | 13518.0 | 9071.0- |
| 15. | خەلکان | 4074 | 15 | 0.0667 | 0.83 | 6.7 | 12616.8 | 8542.8- |
| 16. | پێباز | 3026 | 16 | 0.0625 | 0.72 | 6.3 | 11828.3 | 8802.3- |
| 17. | بازیان | 2629 | 17 | 0.0588 | 0.59 | 5.9 | 11132.5 | 8503.5- |
| 18. | سروجك | 2152 | 18 | 0.0556 | 0.41 | 5.6 | 10514.0 | 8362.0- |
| 19. | چوارتا | 1508 | 19 | 0.0526 | 0.07 | 5.3 | 9960.6 | 8452.6- |
| 20. | سورداش | 253 | 20 | 0.0500 | 17.33 | 5.0 | 9462.6 | 9209.6- |
| 21. | کۆ | 680880 | 21 | 3.5977 | | | 680880 | 0.0 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە پاشکۆی (1)

پاشکۆی (2) جێبەجێکردنی یاسای ریزبەندی قەبارەی زیپف بەسەر ناوچەی توێژینەوە (2002ز)

| ژ | شار | ژمارەی راستەقینەی دانیشتووان | پلە | یاسای پلەپەندی قەبارە | ڕێژەی ٪ دانیشتووانی شارەکان لە شاری یەکەم | یاسای پلەپەندی قەبارە*100 | ژمارەی نموونەیی دانیشتووان | جیاوازی نێوان نموونەیی و راستەقینە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1. | سلیماني | 569123 | 1 | 1.0000 | 9.80 | 100 | 247095.8 | 322027.2 |
| 2. | رانیە | 55756 | 2 | 0.5000 | 7.82 | 50 | 123547.9 | 67791.9- |
| 3. | قەڵادزێ | 44504 | 3 | 0.3333 | 7.55 | 33.3 | 82365.3 | 37861.3- |
| 4. | هەڵەبجە | 42943 | 4 | 0.2500 | 5.40 | 25 | 61774.0 | 18831.0- |
| 5. | شارەزوور | 30733 | 5 | 0.2000 | 5.35 | 20 | 49419.2 | 18686.2- |
| 6. | حاجی ئاوا | 30458 | 6 | 0.1667 | 5.32 | 16.7 | 41182.6 | 10724.6- |
| 7. | سیدصادق | 30282 | 7 | 0.1429 | 5.23 | 14.3 | 35299.4 | 5017.4- |
| 8. | بەکرەجۆ | 29773 | 8 | 0.1250 | 4.98 | 12.5 | 19007.4 | 10765.6 |
| 9. | چوارقورنە | 28370 | 9 | 0.1111 | 3.20 | 11.1 | 30887.0 | 2517.0- |
| 10. | سورداش | 18190 | 10 | 0.1000 | 2.99 | 10.0 | 27455.1 | 9265.1- |
| 11. | خەلەکان | 17035 | 11 | 0.0909 | 2.39 | 9.1 | 24709.6 | 7674.6- |
| 12. | پێنجوێن | 13613 | 12 | 0.0833 | 2.30 | 8.3 | 22463.3 | 8850.3- |
| 13. | عەربەت | 13096 | 13 | 0.0769 | 2.14 | 7.7 | 20591.3 | 7495.3- |
| 14. | سەروچاوە | 12154 | 14 | 0.0714 | 2.12 | 7.1 | 17649.7 | 5495.7- |
| 15. | بازیان | 12042 | 15 | 0.0667 | 2.04 | 6.7 | 16473.1 | 4431.1- |
| 16. | وارماوە | 11583 | 16 | 0.0625 | 1.57 | 6.3 | 15443.5 | 3860.5- |
| 17. | خورمال | 8936 | 17 | 0.0588 | 1.25 | 5.9 | 14535.0 | 5599.0- |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 18. | سەنگەسەر | 7109 | 18 | 0.0556 | 1.04 | 5.6 | 13727.5 | 6618.5- |
| 19. | دوکان | 5910 | 19 | 0.0526 | 0.97 | 5.3 | 13005.0 | 7095.0- |
| 20. | سیروان | 5529 | 20 | 0.0500 | 0.87 | 5.0 | 12354.8 | 6825.8- |
| 21. | بیارە | 4951 | 21 | 0.0476 | 0.66 | 4.8 | 11766.5 | 6815.5- |
| 22. | ژاراوە | 3775 | 22 | 0.0455 | 0.55 | 4.5 | 11231.6 | 7456.6- |
| 23. | هەڵشۆ | 3102 | 23 | 0.0435 | 0.44 | 4.3 | 10743.3 | 7641.3- |
| 24. | ماوەت | 2500 | 24 | 0.0417 | 0.42 | 4.2 | 10295.7 | 7795.7- |
| 25. | شهربازار | 2366 | 25 | 0.0400 | 0.25 | 4.0 | 9883.8 | 7517.8- |
| 26. | قەرداغ | 1400 | 26 | 0.0385 | 0.24 | 3.8 | 9503.7 | 8103.7- |
| 27. | خدران | 1380 | 27 | 0.0370 | 0.16 | 3.7 | 9151.7 | 7771.7- |
| 28. | هێرو | 932 | 28 | 0.0357 | 0.16 | 3.6 | 8824.9 | 7892.9- |
| 29. | بنگرد | 910 | 29 | 0.0345 | 0.11 | 3.4 | 8520.5 | 7610.5- |
| 30. | گەرمك | 610 | 30 | 0.0333 | 0.11 | 3.3 | 8236.5 | 7626.5- |
| 31. | ناڵپارێز | 600 | 31 | 0.0323 | 0.08 | 3.2 | 7970.8 | 7370.8- |
| 32. | سروچك | 480 | 32 | 0.0313 | 0.03 | 3.1 | 7721.7 | 7241.7- |
| 33. | باسنێ | 180 | 33 | 0.0303 | 9.80 | 3.0 | 7487.8 | 7307.8- |
| 34. | کۆ | 1010325 | 34 | 4.0888 | | | 1010325 | 0.0 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە پاشکۆی (1)

پاشکۆی (2) جێبەجێکردنی یاسای ریزبەندی قەبارەی زیبف بەسەر ناوچەی توێژینەوە (2023)

| ژ | شار | ژمارەی راستەقینەی دانیشتووان | پلە | یاسای پلەپەندی قەبارە | ڕێژەی ٪ دانیشتووانی شارەکان لە شاری یەکەم | یاسای پلەپەندی قەبارە*100 | ژمارەی نموونەیی دانیشتووان | جیاوازی نێوان نموونەیی و راستەقینە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1. | سلێمانی | 779446 | 1 | 1.0000 | 100 | 100 | 396618.33 | 382827.7 |
| 2. | رانیە | 105997 | 2 | 0.5000 | 13.60 | 50 | 198309.17 | 92312.2- |
| 3. | قەڵادزێ | 85206 | 3 | 0.3333 | 10.93 | 33.3 | 132206.11 | 47000.1- |
| 4. | بەکرەجۆ | 82317 | 4 | 0.2500 | 10.56 | 25 | 99154.58 | 16837.6- |
| 5. | چەمچەماڵ | 75207 | 5 | 0.2000 | 9.65 | 20 | 79323.67 | 4116.7- |
| 6. | سەید سادق | 71018 | 6 | 0.1667 | 9.11 | 16.7 | 66103.06 | 4914.9 |
| 7. | حاجیاوا | 61890 | 7 | 0.1429 | 7.94 | 14.3 | 56659.76 | 5230.2 |
| 8. | شۆرش | 59471 | 8 | 0.1250 | 7.63 | 12.5 | 49577.29 | 9893.7 |
| 9. | دەربەندیخان | 52406 | 9 | 0.1111 | 6.72 | 11.1 | 44068.70 | 8337.3 |
| 10. | چوارقورنە | 52201 | 10 | 0.1000 | 6.70 | 10.0 | 39661.83 | 12539.2 |
| 11. | هەڵەبجەی تازە | 51090 | 11 | 0.0909 | 6.55 | 9.1 | 36056.21 | 15033.8 |
| 12. | بازیان | 43548 | 12 | 0.0833 | 5.59 | 8.3 | 33051.53 | 10496.5 |
| 13. | پیرەمەگرون | 32049 | 13 | 0.0769 | 4.11 | 7.7 | 30509.10 | 1539.9 |
| 14. | تەکیە | 31965 | 14 | 0.0714 | 4.10 | 7.1 | 28329.88 | 3635.1 |
| 15. | ێنجوێن | 27488 | 15 | 0.0667 | 3.53 | 6.7 | 26441.22 | 1046.8 |
| 16. | عەربەت | 24405 | 16 | 0.0625 | 3.13 | 6.3 | 24788.65 | 383.6- |
| 17. | زەراپەن | 19351 | 17 | 0.0588 | 2.48 | 5.9 | 23330.49 | 3979.5- |
| 18. | سەروچاوە | 16637 | 18 | 0.0556 | 2.13 | 5.6 | 22034.35 | 5397.4- |
| 19. | دوکان | 11687 | 19 | 0.0526 | 1.50 | 5.3 | 20874.65 | 9187.6- |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 8350.9- | 19830.92 | 5.0 | 1.47 | 0.0500 | 20 | 11480 | سەنگەسەر | 20. |
| 8477.6- | 18886.59 | 4.8 | 1.34 | 0.0476 | 21 | 10409 | ژاراوە | 21. |
| 11557.1- | 18028.11 | 4.5 | 0.83 | 0.0455 | 22 | 6471 | چوارتا | 22. |
| 13840.3- | 17244.28 | 4.3 | 0.44 | 0.0435 | 23 | 3404 | خەلەکان | 23. |
| 13166.8- | 16525.76 | 4.2 | 0.43 | 0.0417 | 24 | 3359 | هەڵشۆ | 24. |
| 12618.7- | 15864.73 | 4.0 | 0.42 | 0.0400 | 25 | 3246 | سەرکەپکان | 25. |
| 12796.6- | 15254.55 | 3.8 | 0.32 | 0.0385 | 26 | 2458 | قەرەداغ | 26. |
| 12250.6- | 14689.57 | 3.7 | 0.31 | 0.0370 | 27 | 2439 | ئاغجەلەر | 27. |
| 12191.9- | 14164.94 | 3.6 | 0.25 | 0.0357 | 28 | 1973 | سەنگاو | 28. |
| 11900.5- | 13676.49 | 3.4 | 0.23 | 0.0345 | 29 | 1776 | ماوەت | 29. |
| 11765.6- | 13220.61 | 3.3 | 0.19 | 0.0333 | 30 | 1455 | سورداش | 30. |
| 11365.1- | 12794.14 | 3.2 | 0.18 | 0.0323 | 31 | 1429 | خدران | 31. |
| 10978.3- | 12394.32 | 3.1 | 0.18 | 0.0313 | 32 | 1416 | بنگرد | 32. |
| 11022.7- | 12018.74 | 3.0 | 0.13 | 0.0303 | 33 | 996 | سیۆسێنان | 33. |
| 10794.2- | 11665.25 | 2.9 | 0.11 | 0.0294 | 34 | 871 | گەرمك | 34. |
| 10486.0- | 11331.95 | 2.9 | 0.11 | 0.0286 | 35 | 846 | قادر کەرەم | 35. |
| 10193.2- | 11017.18 | 2.8 | 0.11 | 0.0278 | 36 | 824 | ئێسوێ | 36. |
| 9961.4- | 10719.41 | 2.7 | 0.10 | 0.0270 | 37 | 758 | هێرۆ | 37. |
| 9728.3- | 10437.32 | 2.6 | 0.09 | 0.0263 | 38 | 709 | باوەخۆشێن | 38. |
| 9463.7- | 10169.70 | 2.6 | 0.09 | 0.0256 | 39 | 706 | بەرزنجە | 39. |
| 9253.5- | 9915.46 | 2.5 | 0.08 | 0.0250 | 40 | 662 | سیتەك | 40. |
| 9086.6- | 9673.62 | 2.4 | 0.08 | 0.0244 | 41 | 587 | ناڵپارێز | 41. |
| 8861.3- | 9443.29 | 2.4 | 0.07 | 0.0238 | 42 | 582 | گاپێڵۆن | 42. |
| 8723.7- | 9223.68 | 2.3 | 0.06 | 0.0233 | 43 | 500 | تەکیەی جەباری | 43. |
| 8807.1- | 9014.05 | 2.3 | 0.03 | 0.0227 | 44 | 207 | باسنێ | 44. |
| 8638.7- | 8813.74 | 2.2 | 0.03 | 0.0222 | 45 | 175 | زەلان | 45. |
| 0.0 | 1743117.00 | | | 4.3949 | | 1743117 | کۆ | 46. |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە پاشکۆی (1)

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Languages and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-02-39

# Evaluation of the Volumetric Distribution of the Urban System in Sulaymaniyah Governorate

**(Extracted from a PhD dissertation)**

**Amanj Fuad Ahmed[1], Bayan Ali Hussen[2]**

1- PhD Student, Department of Geography, College of Language and Humanities, Sulaimani University, Kurdistan Region – Iraq
2- Department of Geography, College of Humanities, University of Sulaymaniyah, Kurdistan Region – Iraq

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **May, 2025** |
| Accepted | **October, 2025** |
| Published: | **December, 2025** |

**Keywords**

**Sulaymaniyah Governorate, Volumetric Distribution, Rank – Size Rule, Primate City Law**

**Corresponding Author**

Amanj.fuad@garmian.edu.krd
bayan.hussain@univsul.edu.iq

## Abstract:

This study is an attempt to analyze and evaluate the volumetric distribution of the urban system in Sulaymaniyah Governorate and the extent of their impact on identifying the characteristics of the urban system within the study area. Several quantitative tools were used to analyze the volumetric distribution of the system, aiming to reveal the actual (real) distribution in terms of both (distribution of size categories and volumetric distribution of cities). It also includes an examination of the hierarchy level of urbanization by employing various statistical methods specific to urban geography. Afterwards, the study assesses their impact on the components of the urban system within the study area. One of the most important findings of this research is that the volumetric distribution of the cities in the urban system of the study area follows a hierarchical pattern, and there was a strong level of urbanization in Sulaymaniyah city compared to all other cities in the study area over the duration of the study.